کورد و داگیرکەران
مانگەکان لە ساڵی کوردی
ساڵی(٢٧٢١)ی کوردی

---

ناوی کتێب : ساڵنامەی کوردی
نووسینی : صالح محەمەد صالح
بابەت : مێژوو
نووسەر :صالح محەمەد صالح ڕواندزی
هەڵەچن :
چاپکردن :سۆران - ئەحمەدی خانێ
ساڵی چاپ : (٢٧٢١)ی کوردی بەرامبەر بە (٢٠٢١) ی زاینی

## (پێشەکـــی)

سەرەتا ئەم نامیلکەیە، پێک هاتووە لە چەند زانیاریەکی گرنگ دەربارەی مانگەکانی کوردی لە ساڵی (٢٧٢١) ی کوردیکە(٧٠٠)ساڵ پێش ساڵی زاینی دانراوە هەروەها باسی کوردستان دەکات لە وەتەی هەیە فەرمان ڕەواکان لە سەرکردەو حزب ولایەنەکانی کوردلەکوردستان نەیان توانیووە یەکگرتوو و یەک ڕیزبن هەرلە سەردەمی میرنشن و فەرمان ڕەوا و شۆڕشەیەک لەدوای یەکەکان،تا گەیشتین بە ئەمڕۆکە سەرکردەکانی کورد نەیان توانیووە خەڵکی کوردستان ڕازی بکەن، وەیان یەکڕیزی و سەقامگیری تەواو لە نێوان گەلەکەیان مسۆگەربکەن، بە تایبەتی ئێستاکە کە هەرێمێک بە پالپشتی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان لە باشووری کوردستان دروستکراوە،کە تیایدا چەندین حزب ولایەنی سیاسی کوردی دروست بوونە، ئەوجا هەموو ئەوحزب ولایەنانە هەریەکەوبەشان و باڵاڵی حزبەکەی خۆیان هەڵ دەدات،هەروەها جگەلەوە ئەم کتێبە باسی هەمووپارێزگاکانی کوردستانی گەورە دەکات،هەروەها باسی نەتەوەی کوردوزمانی کوردی و زاراوەکان، قسەکردن و چەندین لەهجە لە ناو زمانی کوردی هەیە، وەهەروەها باسی مێژووی ماددیی کوردی میرنیشنەکان دەکات،ئینجا لەناوەندی کتێبەکە دانانی ساڵنامەی کوردی،کەپێک هاتووە لە(١٢) مانگی کوردیی لە ناو(١٢) لاکێشە نیشان دراوە،بۆئەوەی خوێنەران و قوتابیان بتوانن سوودی لێ وەربگرن،جگە لەوەش کورتەباسێک لەسەرسنووری کوردستان وچارە نووسی میلەتی کورد باس دەکات،نەتەوەی کورد مێژوویێکی زۆر کۆنی هەیە، بۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان هەوڵ وتێکۆشانیان نوێ بکەنەوە،بۆ ئەوەی هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورە بە برایەتی و یەکڕیزی بیپارێزن، زۆرحەیف ومخابن کە ئەو هەموو میرو فەرمانڕەواو سەرکردە قارەمانانە تا ئێستاکە نەیان توانیووە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەست لە ناو دەستی یەکتر بنێن میلەتی خۆیان ڕازی بکەن هەمووحزب ولایەنەکان بکەن بە براو ئامۆزای یەکتری،واز لە پارە و بێگانە پەرستی و دوژنایەتی یەکتری بهێنن،بەتەواوەتی ببن بە برای ڕاستە قینە، با هەموو دووبەرەکی و حزب حزبانێ وەلا بنێن تا ئێمەش وەک گەلان سەربەخۆ بین لەم کوردستانە خۆشەویستە کەداگیرکراوە، دەبێت هەوڵبدەین بە یەکڕیزی وبرایەتی دوور لە حزب حزبانێ و دژایەتی یەکتری، با نەتەوەکەمان دەوڵەتێکی بەهێزو یەکگرتووی هەبێت.

## (مـانگی کــوردی)

لەساڵ و مانگی کوردی،مەبەستم ئەوەیە بۆچی تائێستاکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕەسمی لە سـاڵی کـوردي کـار بە مـانگە کوردییەکـانی خـۆی ناکـات لەسـاڵ(٢٧٢١)ی کوردی،هەروەهـا لە خوێـندنگا و قوتابخانەکان هیچ زانیـاریەک بە قوتـابی نـەدراوە،بۆ ئەم مەبەسـتە وزارەتی پەروەردە هیچ پیلانێکی زانسـتی وتێگەیانـدنی بـۆ خوێنکـارو قوتابیـان ڕوون نەکـردۆتەوە تـا فێربکرێن،کەبـزانن نەتەوەی کـوردیش سـاڵومانگی خۆی هەیە،بۆیە دەبێت هەموو کوردێک بزانن کە نەتەوەی کـوردیش وەک گەلانی دونیا سـاڵ ومـانگی تـایبەت بە خۆی هەیە،حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لەدام و دەزگاکانی خۆی کاری پێ بکات،دەبێت حکومەتی کـوردی پیلانـی هەبێـت بە تـایبەتی قوتابیـان و خوێنـدکاران هۆشـیار بـکەنەوە کە نەتەوەی کـوردیش وەک نەتەوەکانی تری جیهان خاوەنی نەخشە وئاڵاوحکومەت و ساڵ و مـانگی خۆیەتی،هەروەهـا دەبێت قوتابیـان و هەموو خەڵکی کوردستان بزانێت کە ساڵی کوردی (٧٠٠) حەوت سەد ساڵ پێش ساڵی زاینی دانراوە،هەربـۆیە مـن لە نووسـینی ئەم پەڕتـووکە تەنهـا مەبەسـتم ئەوەیە لە هۆشـیارکردنەوەی نەوەکـانی ئێسـتاو دواڕۆژە بە تایبەتی قوتابی و خـوێنکاران بـزانن کە سـەری سـاڵی کوردی هەمـوو سـاڵێک لە یەکەم ڕۆژی وەرزی بـەهـار دەسـت پـێ دەکـات، کە دەکەوێـتە (٢١)ی مـانگی ئـازار لە سـاڵی زاینـی،دەبێتە یەکەم ڕۆژی بەهـارە لە سـاڵی کوردی لەم ڕۆژە ساڵی کوردی نوێ دەبێتەوە،واتە هەموو ساڵ لە ڕێکـەوتی (٢١) ئازاری ساڵی زاینی یەکـەم ڕۆژی نەورۆز دەسـت پـێ دەکـات لە مـانگی کـوردی ئەم ڕۆژە جەژنـی سـەری سـاڵی کـوردییە،واتە سـاڵی کوردی نوێ دەبێتەوە،کاتژمێر(١٢)دوانزەی شەوی کۆتای مانگی ڕەشەمێ یە لە ساڵی(٢٧٢٠)کوردی بۆ سـاڵی نـوێیی ئەم سـاڵ کە دەکـاتە(٢٧٢١/١/١)ی سـاڵی کـوردی واتە(١)ی مـانگی نەورۆز دەبێـتە سـەری سـاڵی کوردی،کەواتەنوێ بوونەوەشی لەم ڕۆژەدا خۆشی وشادیە بۆمیلەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانی گەورە،بۆیە هەموو ساڵێک کە ساڵ نوێ دەبێتەوە لە یەکەم ڕۆژەدا دەبێتە جەژنی سەری ساڵی کوردی یەکەم ڕۆژی نەورۆزە لە مـانگی کوردیدا،ئەم ڕۆژە بۆتە جەژنێکی گەورەو پیرۆزی نەتەویی کورد لە کوردسـتانی خۆشەوویست.

## (جــەژنی نــەورۆز)

جەژنی نەورۆز شادی وسەرورە .
عالەم سەراپا غەریقی نوورە
بۆچی ئەی کوردی هەژاری بێکەس
دائم ئەخەوی لەبەند وقەفەس
ئەم جەژنە جەژنی کوردو شادیە
ئەوی نەزانی معلوم حادیە
کورد بەسیەتی جاهیل وغەفلەتی
ئەم بێ هۆشیەت چی یە عیلەتی
ئێمە قەومێکین بەغیرەت و مەرد
جەوهەری خۆمان بەس بدەین لەبەرد

بەسیەتی ڕووحم بەسیەتی چاووم
بەسیەتی خوێن جەرگ وهەناووم
هەموو مان بڵێین بە یەک دڵ وزار
بژی کوردستان بژی هەزار جار

( چوارینەکانی جاهدی)

## (سەری ساڵی کوردی)

ساڵی کوردی وەک ساڵەکانی زاینی و کۆچی و هەتاوی پێک هاتووە لە(١٢)دوانزە مانگ،مانگەکانیش ناوی کوردیان لێنراوە،بۆ ئەوەی قوتابیانی خۆشەویست و خوێنەری بەڕێز و گشت نەتەوەی کورد،لە هەرچوار پارچەی کوردستان ئاشنا بکەین بە زانیاری تەواو لە سەر ساڵی کوردی و مانگەکانی کوردی،هەروەها پێویستە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەودوا کار بەساڵ ومانگەکانی کوردی بکات،هەروەها وەزارەتی پەروەردەخوێنکار و قوتابیان فێربکات لەقوتابخانە وخوێندنگاکانی شاروگوندەکانی کوردستان،لەسەرزانیاری وەرگرتن لە ساڵی کوردی و مانگەکانی،بۆیە دەبێت هەموو قوتابیان و خەڵکی کوردستان بزانن کە کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک ساڵ و مانگی خۆی هەیەهەرچەندە حکومەتی هەرێم کاری پێناکات،هیوادارم کەکاری پێبکات،خۆ دیارەساڵی کوردی(٧٠٠)حەوت سەد ساڵ لەپێش ساڵی زاینی دانراوە لە سەردەمی ماددەکان لە گەڵ دامەزراندنی دەسەلات وحکومەتی ماددەکان ساڵی کوردی دانراوە، ئەوجا بۆئەم ساڵەش ناوی مانگەکانیان بە زمانی شیرینی کوردی لێی ناوە،لەخوارەوە نووسراون ناوی هەموو مانگەکانی کوردین لە گەڵ وەرزەکانی ساڵی کوردی (أ) مانگەکانی وەرزی بەهارئەمانەن (نەورۆز ،گوڵان ،جۆزەردان) (ب)مانگەکانی وەرزی هاوین(پوشپەڕ،خەرمانان،گەلاوێژ)،(ج)مانگەکانی وەرزی پایز،ئەمانەن (ڕەزبەر،گەڵاڕێزان،سەرماوەز)،(ح)مانگەکانی وەرزی زستان(بەفرانبار، ڕێبەندان،ڕەشەمێ) ئەمەناوی مانگەکان بوو لە هەرچوار وەرزی ساڵی کوردی،کە(١٢)دوانزەمانگە،هەروەها لەم خشتەیەی خوارەوەدا مانگەکان یەک بە یەک دیاری کراوە،هەروەک لە سەرەوە باسمان کردوە و دیاری کراوە کە ساڵی کوردی(٧٠٠)ساڵ پێش ساڵی زاینی دانراوە کەدەگەڕێتەوەبۆ ساڵی دروستبوونی دەوڵەتی(ماد - میدیا) ئەوکاتی پایتەختی لەشاری هەمەدان بووە،ئەوسا کەپێیان گوتووە(ئەکباتان)واتە(٧٠٠ساڵ) پێش ساڵی (٢٠٢١) زاینی دانراوە = (٢٧٢١) کوردی،بۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان،بزانن سەری ساڵی کوردی لە(٣/٢١/)ی ساڵی زاینی هەموو ساڵێک دەست پێدەکات،کە دەکاتە یەکەم ڕۆژی مانگی نەورۆز لە ساڵی کوردیدا.ئەمانەی خوارەوە ناوی مانگە کوردییەکانن لەساڵی کوردی.

## (ناوی مانگە کوردییەکان)

١- نەورۆز (خاکەلێوە یشی پێدەڵێن) (ئاخەلێوە)
٢- گوڵان (بانەمەڕ) مانگی شەست بارانە
٣- جۆزەردان (بەختەباران )،(بارانبڕان )
٤- پووشپەڕ
٥- خەرمانان (جۆخینان) (زەخیران ) یشی پێ دەڵێن
٦-گەلاوێژ
٧- ڕەزبەر

٨- گەلا ڕێزان (خەزەڵوەر) (سەرپەڵە) یشی پێدەڵێن
٩- سەرماوەز
١٠- بەفران بار
١١- ڕێبەندان
١٢- ڕەشەمێ - مانگی ڕەشەمێ كۆتایی مانگە لە ساڵی كوردیدا.

.لەوەرزی زستان بە گوێرەی مانگی كوردی حەفتەكانی بە حیسابن كە پێشینان كاریان پێ كردوە،ئەمانەی خوارەوەن.

لە مانگی بەفرانبار،لە یەكەم ڕۆژی بەفرانبارچلەی گەورە دەست پێ دەكات،ماوەكەی(٤٠) ڕۆژە، واتە لە١٢/٢٢تا ١/٣١ كۆتای دێ ئەمەش ناوی هەفتەی نە بەحیسابن لە(١/١ تا١/٨) بەرخەندەیە،لە(١/٩تا ١/١٦) بێرندەیە،لە(١/١٧تا١/٢٣) مێرەمە،لە(١/٢٤ تا(١/٣٠)ئۆغەنە،لە(١/٣١تا ٢/٦)پیتە،لە ٢/٧تا٢/١٣)پاڵە ،لە(٢/١٤تا٢/٢٠) خدرە،لە(٢/٢١تا ٢/٢٧) لاسە،كەپێشینان ووتوویانە بە زمانی ڕواندزیان خدرولاس سەرماخەڵاس،یان خدرو لاس ساڵ خەڵاس، بەمانای بەستن وشەختەوسەهۆڵ كۆتایی پێهات هەربۆیەپیشینان ووتویانە مانگی ئاداریێ بەفر بكەوێ تا سەركەدی داریێ نامێنێ هەتا ئێواریێ،واتە ڕۆژ درێژدەێت وپلەی گەرما بەرز دەبێتەوە.خەڵك ڕوو دەكەنە سەیران بۆناو دۆڵ ودەشت ودەر،

( ژمارەی ڕۆژ لە مانگەكانی كوردی ) .

١- مانگی نەورۆز:- یەكەم مانگ لە ساڵی كوردی مانگی(نەورۆزە)هەروەها(خاكەلێوە)شی پێ دەڵێن مانگی نەورۆز بە یەكەم مانگ دانراوە،كە دەكاتە یەكەم مانگ لە وەرزی بەهار،ئەم مانگە(٣١)سی ویەك ڕۆژە (١)ی نەورۆز دەكاتە،یەكەم ڕۆژی بەهار لەم مانگە سەرەتای دەرچوونی گژو گیایە،دەرچوونی پشكۆی دار و درەختەكانە كەواتە ڕێكەوتی (٢٧٢١/١/١) یەكەم ڕۆژە لە مانگی نەورۆزلەساڵی نوێی كوردی .

٢- مانگی گوڵان:- یان بانەمەڕ،دەبێتەمانگی(٢)دوو لە ساڵی كوردی،هەروەها ئەم مانگە(٣١)سی ویەك ڕۆژە،دووەم مانگی وەرزی بەهارە،گوڵان واتە مانگی گوڵ و گوڵزارلەم مانگەسەرلە نوێ خونچەی گوڵەجوانەكان دە گەشێتەوە،دەشت وشاخ وگرد وچیا سەوز و سور و زەرد هەڵدەگەڕێت،لەم مانگەدارۆژێ(٦٠) شەست جار باران دەبارێت،بۆیە بەمانگی شەستە باران ناسراوە،مانگی گوڵان جوانترین وخۆشترین مانگی وەرزی بەهارە .

٣- مانگی جۆزەردان:- جۆزەردان(٣)سێیەم مانگە لە ساڵی كوردی،هەروەها سێ یەم مانگەلەوەرزی بەهار ئەم مانگەش (٣١) ڕۆژە،جۆزەردان بەمانای لەم مانگەگوڵەجۆیەكان زەرد هەڵدەگەڕێن،و ووشك دەبن،هەربۆیە بەمانگی جۆزەردان ناونراوە،هەروەها مانگی بەختەبارانە،واتەلەم مانگە ڕۆژهەیە باران دەبارێت وەیان هەرنابارێت خۆ دیارە لەم مانگە زۆر بەكەمی باران دەبارێت،كۆتایی ئەم مانگە سەرەتای وەرزی هاوینە،هەروەها مانگی جۆزەردان (٣١) سی و یەك ڕۆژە .

٤- مانگی پووشپەڕ:-دەبێتە مانگی(٤) چوارلەساڵی كوردی،هەروەها یەكەم مانگی وەرزی هاوینە،سەرەتای پێگەیشتنی دەغڵ و دان ومیوەكانە،لەم مانگە گژوگیاكان بە تەواوەتی زەرد هەڵدەگەڕێن دەبێتەپووش وپەڵاش ،هەربۆیە بەم مانگە وتراوە مانگی پووشپەڕ،هەروەها ئەم مانگە(٣١) سی ویەك ڕۆژە.

٥- خەرمانان:- مانگی خەرمانان دەبێتەمانگی(٥)پێنج لەساڵی كوردی،دووەم مانگی وەرزی هاوینە،ئەم مانگە(٣١)ڕۆژە، لەم مانگەدا دروێنەی گەنم دەست پێ دەكات،وەهەروەها دروێنەی خەرمانەی دەغڵ ودان لە سەرجۆخینەكان هەڵدەگیرێت،بۆیە بەم مانگە ووتراوەخەرمانان.

٦- مانگی گەلاوێژ:-گەلاوێژ مانگی(٦)شەشە لە ساڵی کوردیدا،هەروەها(سێیەم) مانگی وەرزی هاوینە.ئەم مانگە(٣١) ڕۆژە هەر لەم مانگەدا ئەستێرەی گەلاوێژ لە ئاسمان دەردەکەوێت،بۆیە لە کوردەواری خۆمان دەڵێن گەلاوێژ لە ئاسمان بەدەرکەوتەوە،دیارەکە گەلاوێژ دەرکەوت زەوی فێنک دەبێت ،گەرمانامێنێت بەرەوساردی دەچێت ،هەموو ساڵێک کە گەلاوێژ دەردەکەوێت لە ئاسمانی کوردستان زەنگێکە بۆخەڵکی کوردستان،کەخەڵک بۆ وەرزی زستان ئامادەکاری بکات،هەمووومان دەزانین جاران کە ئەستێرەی گەلاوێژ دەبینرا لە ئاسمان،خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی شاری ڕواندزو دەورو بەری خۆیان ڕێک دەخست،بۆ دابین کردنی خواردەمەنی وشک کراوگەنم وجۆو ئازوقەی تەواو دارو نەوت و هەموو پێداویستی وەرزی زستانیان لەژوورێکدا کۆدەکردەوە لەوەرزی زستان بەکاریان دەهێنا .

٧- مانگی ڕەزبەر:- ڕەزبەرمانگی(٧)حەوتە لە ساڵی کوردیدا،هەروەها یەکەم مانگی وەرزی پایزە،ئەم مانگە(٣٠)ڕۆژە،لەم مانگەدا هەموو بەروبوومەکانی میوە کۆتایی پێ دێت،بەتایبەتی ترێ ،ئەو جادەست دەکەن بەڕەز برین وچاککردنی دار مێیوەکان،هەربۆیەبەم مانگ دەوترێت مانگی ڕەزبەر.

٨- مانگی گەڵاڕێزان:- واتە(خەزەڵوەر)،مانگی گەڵایزان دەبێتە مانگی(٨)هەشت لە ساڵی کوردیدا،هەروەها دووەم مانگی وەرزی پایزە.لەم مانگەدا گەڵای دارودرەختەکان دەوەرێت،واتە ڕەنگی گەڵای دارەکان بەتەواوی زەرد هەڵدەگەڕێت وهەڵدەوەرێت،بۆیە بەم مانگە دەوترێت گەڵاڕێزان یان خەزەڵوەر،یانی هەڵوەرینی گەڵای دارەکان،ئەم مانگە(٣٠) ڕۆژە .

٩- مانگی سەرماوەز:- ئەم مانگە دەکاتە(٩) نۆیەم مانگی کوردی،هەروەها سێیەم مانگی وەرزی پایزە،ماوەکەی (٣٠) ڕۆژە،لە یەکەم ڕۆژی ئەم مانگە سەرمادەست پێدەکات،باران دەبارێت،زەویەکان خۆش دەگرن لە هەندێک شوێندا جۆگاوکانیاو ئاوەکان زۆرساردەبن لە ناوچە شاخاویەکانیش دەیان بەستێ هەربۆیە بەم مانگە گوتراوە سەرماوەز.

١٠- مانگی بەفرانبار:- ئەم مانگە دەکاتە یەکەم مانگی وەرزی زستان هەروەها مانگی(١٠)دەیە لە ساڵی کوردی،سەرەتای دەست پێکردنی وەرزی زستانە،ئەم مانگە زۆر ساردوسڕە،هەرلەم مانگە لە یەکەم ڕۆژی مانگی بەفرانبار،چلەی زستان دەست پێ دەکات،ئەوجا ڕۆژلە دوای رۆژ سەرماو سەهۆڵ وبەستەڵەکی وساردیەکی زۆرپەیدا دەبێت، هەندێک ساڵ بەفرێکی زۆر دەبارێت بە تایبەتی لە ناوچەشاخاوییەکانی کوردستان،مانگی بەفرانبار(٣٠) سی ڕۆژە.

١١- مانگی ڕێبەندان:- مانگی ڕێبەندان مانگی(١١)یانزدەیە لەساڵی کوردی،ئەم مانگە مانگی دووەمە لە وەرزی زستاندا، دیارە لەم مانگەدا سەرماو سەهۆڵ زیاتردەبێت ڕێگاوبان هەمووی دەبێتە بەستەڵەک وسەهۆڵ بەندان،کۆڵان و ڕێگاوبان بەند دەبێت،واتە سەهۆڵ ڕێگاکان دەگیرێت هەندێک ساڵ بەفرێکی یەکجار زۆر دەبارێت،هەموو ڕێگا و بانەکان دەگیرێن لە بەر سەهۆڵ وبەستەڵەکی هەربۆیە بەم مانگە وتراوە مانگی ڕێبەندان،هەروەها مانگی ڕێبەندان(٣٠)ڕۆژە .

١٢- مانگی ڕەشەمێ:- مانگی ڕەشەمێ دەکاتە مانگی(١٢)دوانزە کۆتایی مانگی ساڵی کوردیە، هەروەها کۆتایی وەرزی زستانەلە ساڵی کوردی،مانگی (٣) سێ یە لەوەرزی زستان،مانگی ڕەشەمێ(٢٩)ڕۆژە،هەندێک ساڵ(٣٠)ڕۆژە واتە مانگ پڕدەکات،ئەم مانگە بە ڕۆژ گەرمە شەوەکانیشی زۆرساردوسڕە گەلێک جاریش لە دوای بارانبارین بەفریش دەبارێ، ئەمەکورتەباسێک بوودەرباری مانگە کوردیەکان لە ساڵی کوردیدا,

# (کــوردســـتان)

کوردستان نیشتمانێکی گەورەی نەتەوەی کــوردە،ئەم نیشـتمانە دابەش کراوە بەسـەر(٤)چواردەوڵەتی نەتەوە پەرست ودژە کورد وەک دەوڵەتی (تورکیا و عێراق وســوریا و ئێران)،هەر لە کۆنەوە سامــان و جوغرافیای سروشتی کوردستانیان دابەش کردووە،بە کەیفی  خۆیان دەیخۆن ودەی دزن، هەروەها سروشتی جوگرافیای هەڵکەوتووی کوردستان سـەرنجی دەوڵـەتە ئەوڕوپیەکانی ڕاکێشـاوە،ئەمەش وای کـردووە کە کـار بەدەسـتانی ئەم چواردەوڵـەتە داگیرکەرانە، دان بـە سـەر بەخۆیی کوردستان دابنێن بەتایبەتی(تورکیا وئێران وسوریا) نەک هەردان بەخـاکی پیرۆزی کوردســتان نـانێن، بــەڵکو هــەتالــەڕووی ڕەگەزیشــەوە وەک گەل و نەتەوەیەک، دان بەما فەکانشیان نانێن لە ڕووی خوێندن و کەلتور و داب و نەریتە کوردەواریەکانیـان ومافەنەتــەوەیەکانیان،لێ زەوت کراوە،دوژمنانی کورد نکوڵی لێ دەکەن وای نیشـان دەدەن کە کوردهیچ خـاکی نــەبێت لە هەرشــوێن و ناوچەیەک شۆڕش هەڵگیرسێنن وەیان ناوچەیەک ئازادبکەن هێرشیان دەکەنە سەر و شارو گوندەکانیان کاول و وێران دەکەن و شۆرشەکەشیان کپ دەکەن و یان ناوێکی خراپی لێی دەنێن و مێژوو وکەلتوری گەلەکەشی زۆربەقەڵبـی ئەنووســن،مافی ڕەوای گەلــی کــورد لەپێنــاوی سـەرفــیرازیدا لە لایەن زانـا بۆرجوازی‌یەکــان و چاپەمەنییەکانیـانەوە بە بـزووتنەوەی کۆنەپەرسـت خـوازو جەردەیـی بەرچـاو ئەخرێت،هەروەهـا بە سـوکی و کۆیلە سەیری نەتەوەی کورد دەکەن، کوردستان یەکێکە لە دێرینترین ئەو ناوچە شارستانیانەی کە لە جیهاندا بوونیــان هەیەو هەبــووە،هەر بــۆیە بە لانکـی شارســتانیەتی مرۆڤـایەتی ناوزەنــد کــراوە،وەک زانــراوە لە کوردستان مرۆڤەکان هەر زوو فێربوونە لە چاندنی کشتوکاڵ بەتایبەتی (گەنم وجۆ)،هەروەها ئاژەڵیان بەخێو کــردووە وەک مەڕو بــزن و مانگــا،لێرەوە بـۆ وولاتــانی ترگوێزراوەتەوە.ئەوجـائەم وولاتەڕەنگـین وجــوان و خۆشەویستە کەوتۆتەیەکێک لەناوچە هەرە گرینگ و ستراتیژیەکانی جیهان،کەکۆی ڕووبەرەکەشی(٥٠٠)پێنج سەد هەزارکیلۆمەتردوو جایە، کە لە خوارەوە دیاری کراوە، هەروەها ڕووبەری خاکی کوردستان بـەم شـێوە دابـەش کراوە، بـەسـەر چوار دەوڵەت، وەک (تورکیا،عێراق، ئێران، سوریا)،

١-  بـاکووری کوردســتان  :- بــەبەر (تورکیا)،کەوتووە، کەڕووبەرەکەی = ٠٠٠ر٢٣٠کم٢

٢- باشــووری کــوردســتان  :- بــەبەر(عێراق )،کەوتووە، کە ڕووبەرە کەی = ٠١١ر١٠٥ کم٢

٣-  ڕۆژ هەلاتی کوردستان :- بــەبەر(ئێران)،کەوتووە، کە ڕووبەرەکەی  = ٠٠٠ر١٩٢کم٢

٤- ڕۆژ ئـاوای کوردســتان   :- بــەبەر(سوریا)،کوتووە،کە ڕووبەرەکەی  = ٠١٣ر١٨ کم٢

واتە کۆی گشتی ڕووبەری هەمووخاکی کوردستان دەگاتە(٠٢٤ر ٥٤٥)کم٢پێنج سەدوچلو پێنج هەزاروبیست وچوارکیلۆمەتری چوار گۆشە، هەروەها نوسەردکتۆر(محەمەد ئەحمەد بەزازی)کەدانیشتووی کازاخستانە باس لە بارودۆخی ئەوکاتی(کوردستانی سوور)دەکات کەچۆن دوژمنانی گەلی کورد دژایەتی هەرێمی کوردســتانی ســووریان دەکرد،لە دوای ڕێکەوتـن نامەی(سـایکس بیکۆ)کــە لــە نێوان هــەریە ك لە بەریتانیـا و فەڕەنسـا و ڕووسیای قەیسەری دا،بەنهێنی واژۆکرا بە مەبەستی دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا نەخشـەی کوردسـتانیان دابەشـکرد بە سـەر(٥)پێنج بەش،ئەوجـا هەر بەشێکیان لکاند بە سـەر سێ دەوڵەتی (سوریا و عێراق و تورکیا) هەر بۆ زانیاری لەو کاتەدا بەشـی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئێراندا بوو لەساڵی(١٥١٤)شۆڕشی(بەلشـەفییەکان) لە ڕووسیا بە سـەرکردایەتی(لینین)وشیوعیەکان هەڵگیرسـاو ئــەو ڕێکەوتـنەی ئاشـکرا کـرد، ئەمەش بــووە هــۆی بەشــێکی زۆری خــاکی کوردســـتان بــڕیار بــوو بــدرێت بەڕووسیا لە ئاکامدا لکێندرا بە تورکیاوە،بەوەش بە شێکی بچوک مایەوە لکێندرا بە دەوڵەتی ڕووسیاوە،وەک وەلام دانـەوەیەک بەرامبەربـەر ڕێکەوتن نـامـەی(لـۆزان) بڕیاریدا کە (حوکمی زاتـی) واتەحـوکمی ئۆتۆنۆمی بدات بەوبەشەی کەکەوتە بەر یەکێتی سۆڤیەت کە ناونرا بوو(کوردستانی سـوور)خەڵکەکەش بەڕێز(گۆسـیڤ

گاجیف حوسێن گاجیڤ )وەک سەرۆکی ئەوهەرێمە هەلبژارد بوو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی سوور(شاری لاجیین)کرابەپایتەختی ئەو هەرێمەچەند شارێکی دیکەی وەک شارەکانی (کلیباجان،کوباتلی ،زانغیلان،جلیلایسکی)لکێندران بەوهەرێمەوە،دوای ئەم هەموو ڕووداوانە ناخۆشیانە،خۆشی و شادی لە ناو کوردەکان دەستی پێکرد وهەڵپەڕکێ و شادییان گێڕا لە هەموو ناوچەکاندا،بەڵام دوای کۆچی دوایی لینین،ستالین هاتە سەرتەختی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی ڕووسیایی گرتەدەست، شیوعیەکان وکار بەدەستانی تورکە ڕەگەز پەرستەکان بۆنی نەوتی کوردستانیان دا بە لوتی ستالین،ئەوجا ستالین هێدی هێدی دەستي کرد بە دەست هەڵگرتن بۆ تورکەکان،تاوەکو دواترشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا،بەناچاری تورکەکان پەنایان بردەبەر(ستالین) تاکو بە تەواوەتی (کوردستانی سوور) نەهێڵێت ولە ناوبەرێت، گوایە کوردەکانی تورکیاوپارچەکانی دیکە چاویان لێدەکەن و بەردەوام داوای مافەکانیان دەکەن ولەگەڵ تورکەکاندا دەجەنگن بە مەبەستی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی،لە ئەنجامدا وەڵامی داخوازییەکانیانی دانەوە ،بەڵام لەچوارچێوەی ئەو مەرجانەی کەبۆی دیاریکردبوون لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ستەم کاردا دواترستالین دەستیکرد بەچەوساندنەوەی کوردەکان و لەوپێناوەدا بەدوای پاساودا دەگەڕا بەمەبەستی هەرەس پێ هێنانی(کوردستانی سوور)ئەوەبوو لە ساڵی(١٩٣٠)دا ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵی لە نێوان هەر یەک لە ئێران و تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتدا کرا بەمەبەستی دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئاگری داخ، ئەوجاحکومەتی شیوعی سۆڤیەت پەیمانی دا کە بەشێوەیەکی یەکجارەکی کۆتایی بەکوردستانی سوور بهێنێت ،هەروەها یەکێتی سۆڤیەت بەشداری کارای هەبوو لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئاگری داخ بە سەرۆکایەتی (نورەدین پاشا)لەهەمان ساڵدا لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا لە ساڵی(١٩٤٤)دا یەکیەتی سۆڤیەت جارێکی دیکە دەستي کرد بەڕاگواستنی زۆرە ملێیی کوردەکانی جۆرجیاوئەرمینیا،بەرەو بیابانەکانی(کازاخستان وئۆزبەکستان و قیرقیزستان وتورکمانستان) .



کوردەکانی کوردستانی سوور

ئەم جارە بەبیانۆی ئەوەی کە ئەمانە لە هەمان ڕەگەزی ئارین کەڕەگەزی ئەڵمانیەکانە، ئەمە لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لەلاوە خوێن گەرمە کوردەکان لە بەرەکانی شەڕلە دژی لەشکری ئەڵمانییەکان کوژرابوون،بەڵام تاوەکو ئێستا نازانرێت کە هۆی چی بوو ستالین ڕق وقینی خۆی لە کوردەکان هەڵگرت و زۆر دڕندانەو وەحشیانە لە زستانێکی زۆرساردا بەرەو بیابانە ساردەکان ڕاگوێزی کردن، بۆیە قەت ئەوڕۆژە ناخۆشانە لەبیرکوردان ناچێتەوە چونکە باشترین خەڵک و ڕۆڵەکانمان لەو ڕووداوە قێزەونە لە ناوچوون .

## (کۆماری مەهاباد)

ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد لە ڕێکەوتی(١٩٤٦/١/٢٢) لە شاری سابلاغ واتە(مەهاباد)لە ئازربایجان ڕێتمی ڕەوتی ڕووداوەکان بەگوڕ تردەبێ .لەڕێکەوتی(١٩٤٥/١١/٢٠)دا جەعفەرپیشەوەری ئۆتۆنۆمی ئازربایجان ڕادەگەیێنێت ولە(١٩٤٦/١٢/١٥)دا وەکو(سەرۆکی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی دار) ئەنجومەنی نیشتمانی دەکاتەوە، پێشتردواوی لە(قازی محەمەد) کردبوو کەپێنج نوێنەری حزبی دیموکرات بۆ ئەنجومەنی نێوبراو بنێرێ ،دوای

چەند ڕۆژ ێک واتەلە( ١٩٤٥/١٢/١٧ )دا دوای خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە بەرەو دادگای مەهاباد کە دوا پاشماوەی حکومەتی مەرکەزی بوو،ئالآی کوردستان کەبریتی بوولە(٣) سێ پارچەی(سەوز و سپی و سوور)وێنەی ڕۆژودووگوڵەگەنمی لەناوەندا بووە لە سەر باڵەخانەکانی حکومەت ئالآی دەوڵەتی ئێران یان داگرت،لەشوێنی ئەو ئالآی کوردستانیان دانا لەڕۆژی دوای جگە لە شاری مەهاباد لە شارەکانی نەغەدە و شنۆ وپیرانشار بەشێوەی ڕەسمی ئالآی کوردستانیان هەڵکرد،هەرچەندە تاماوەی چەند مانگێک پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تاراندا نەپچڕا بوو بە تەواوی،بەڵام دەوڵەتی ئێران مەترسی لەوە هەبوو کە قازی محەمەد سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنێت و داوای جیابوونەوە لە ئێران بکات،هەروەها قازی محەمەد پەیوەندی دەکات بە کونسوڵی بەریتانیا لە شاری تەوریز ،مەبەستی ئەم پەیوەندیە ئەوە بوو کەڕای کونسوڵی بەریتانیا وەربگرێت لەمەڕ بەرقەرارکردنی پەیوەندی ڕەسمی دەوڵەتی بەریتانیا لەگەڵ کوردستان پاش ڕاگەیاندنی ئایندەی ئۆتۆنۆمی،بەڵام ئینگلیزەکان دیسان ساردیان نیشان دا،وەڵامی کونسوڵی بەریتانیا ئاڵۆزو دڵ ساردکەرەوە بوو بەرامبەر بە(خودموختاری)واتە ئۆتۆنۆمی،هیچ دیارنیە کە قازی محەمەد لەلایەن رووسیا دڵنیاکرا بێت،بەڵام لەدوادیدا لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی سۆڤیەت لەتەبریز بڕیاری دا کە(ئۆتۆنۆمی) لە شاری مەهاباد رابگەینێ بە ناوی (کۆماری کوردستان) ئەوە بوولەڕێکەوتی (١٩٤٦/١/٢٢)ساڵی زاینی دا لە کۆبوونەوەیەکی فراوان وگەورەدا لەشاری مەهاباد مەیدانی چوارچرا بەئامادەبوونی پیاوی ڕیش سپی و کەسایەتی و ناودارو ماقوڵان و بەرپرس و چەند سەرکردەیەکی گەورەی کورد،توانیان کۆماری کوردستانیان ڕابگەینن،ئەوجاپاش چەند ڕۆژێک لە(ڕۆژنامەی کورستان) ژمارە (١١)ی شوباتی ساڵی (١٩٤٦)زاینی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی وناوی سەرجەم وەزیرەکانی ناوحکومەتی کۆماری کوردستانی تیادا ئاشکراکرابوو،کەپێک هاتبوون لەم بەڕێزانەی خوارەوە .

| | |
|---|---|
| ١- قازی موحەمەد | سەرۆک کۆماری کوردستان |
| ٢ - حاجی بابە شێخ | سەرۆک وەزیران |
| ٣- سەیفی قازی | وەزیری جەنگ |
| ٤- مەنافی کەریمی | وەزیری پەروەردە |
| ٥- موحەمەدئەمین موعینی | وەزیری ناوەخۆ |
| ٦- موحەمەد ئەیوبیان | وەزیری تەندروستی |
| ٧- عەبدوڕەحمان ئیلخانی زادە | وەزیری ڕاوێژکاری |
| ٨- ئیسماعیل ئیلخانی زادە | وەزیری ڕێگاوبان |
| ٩- ئەحمەد ئیلاهی | وەزیری دارایی وئابووری |
| ١٠- کەریم ئەحمەدی | وەزیری پۆستەو گەیاندن |
| ١١- مستەفا داودی | وەزیری بازرگانی |
| ١٢- مەلا حوسێن مەجیدی | وەزیری داد |
| ١٣- مەحمود وەلی زادە | وەزیری کشتوکاڵ |
| ١٤- سەدیق حەیدەری | وەزیری ڕاگەیاندن |



وەزیرەکانی کۆماری مەهاباد

وەزیرەکـان زۆربەیـان لـە بازرگـان و موڵکدارەکان پێـک هـاتبوون، واتە لە کەسـانی دەوڵەمەنـد وخـاوەن کەسایەتی وپیاو ماقوڵان مەهاباد ودەوروبەری بوون. هەروەهـا(مەلا مستەفا بـارزانی)لەم کۆمـارە بەشداربوو زیاترلە(١٠٠٠)هەزارچەکداری لەگەڵ بووە،خۆی وهەموو چەکدارەکانی خستە خزمەتی کۆمـاری مەهـاباد،بۆیە بارزانی لەم کۆمارە پلەی جەنەڕاڵی پێ بەخشراوە،چونکە ئەو توانی بە مـاوەیەکی زۆرکەم لەشکرێکی بەهێزو مـونەزەم دابمەزرێنێت کەپێک هـاتبوون لە(٤٠)دەرەجەدارو(٧٠)ئەفسـەرو(٢٠٠٠)دوو هەزارسـەربازی مەشـق پێکراوی ئامـادەکردبوو بۆ هەر ڕوو بەڕوو بوونەوەیەک،هەرچەنـدە تەمەنـی ئەم کۆمـارە زۆر کـورت بـووکە ماوەکەی کەمترلە(١١)یانزە مانگ بووە واتە تەمەنی کۆماری مەهابادلە(١٩٤٦/١/٢٣ تا ١٢/١١ /١٩٤٦)کۆتـاي بە کۆمـاری مەهاباد هاتووە،قازی مـوحەمەد لە مـانگی ئایاری سـاڵی(١٩٠٠)لەدایک بـووە لە٣/٣١ /١٩٤٧لەشـاری مەهابادلە مەیدانی چوارچرا بە دەستی ڕژێمی شـای گۆر بەگۆڕلەسێدارە دراوە،ئەو سـەرکردە قارەمانەخۆی کرد بە قوربـانی نەتەوەکەی خۆی لەکۆتایدا ئەبێت بزانین کە ئامـانجی کۆتـایی خەبـاتی ئێمە دۆسـتایەتیەکی بەهێزمـان هەبێت لە گەڵ تەواوی خەڵکـی دونیـادا تـابتوانین مـافە ڕەواکـانی نەتەوەکەمـان بەدەسـت بینـین وهەڵەکانمان دووبارە نەبنەوە قازی موحەمەد کوڕی قازی عەلی یە،لەبنەماڵەیەکی بەناوبانگی شاری مەهابادە، لە ساڵی(١٨٩٣)زاینی لە شـاری مەهـاباد لە دایک بـووە،لەدوای بـاوکی خۆی ئەو بۆتە قازی لەدادگـای شـاری مەهاباد، قازی موحەمەد لەتەمەنی لاویدا هەمـوو ساڵ لە قوتابخـانە بە یەکەم ودووەم دەرچـووە،ئەو کەسێکی زیرەک و بەتواناو ڕۆشنبیروقسە زان و زۆرئاقل وتێگەیشتی و هێمن ولەسـەرەخۆ بووە،زۆرخولیـای زانسـت وزانیـاری و خوێنـدنەوەی کتێبـی فارسـی وعەرەبـی و ڕووسـی بـووە،بە تـایبەتی کتێبـی زانسـتی وسیاسـی وياسايي قازی موحەمەد(٦)شەش زمانی زانیوە،وەک زمـانی (عەرەبی،فارسـی، ڕووسـی، فەڕەنسـی ،ئینگلیزی، ئیسپانی)لە ساڵی(١٩٤١)زاینی بەرپرسی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مەهاباد بووە، پێش کۆمـارەکەی لەشـاری مەهاباد خزمەتی زۆری کردوە،یەکەم کەس بووە توانیویە لە شـاری مەهـاباد قوتابخـانەیەک بۆکچـان دروسـت بکات،تا کچانی کوردیش بێ بەش نەبن لەخوێندن،هەروەها لە کاتێکدا کە دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژک) نـاوی نهێنی(بینـایی)بـوو ئەوەش هیـوایەکی زیـاتری بەخەڵکـی مەهابـادا، دوای کۆمەڵەکەیـان نـاوی لـێ نـا حزبـی دیموکراتی کوردستان قازی محەمەدیش بە سەرۆکی ئەو حیزبە دانرا لە ڕێکەوتی(٢٧٤٦/١١/٢٢)ساڵی کوردی، واتەدەکاتەڕێکەوتی(١/٢٢ /١٩٤٦) زاینی، کۆماری مەهاباد دامەزرا.



قازی محمد

به سەرۆکایەتی تێکۆشەر(قازی محەمەد)وسوێندی یاسای خوارد کە هەرگیزخیانەت نەکات لەم کۆمارەدا.بەڵام بەداخەوە دوای (١١) یانزە مانگ کۆمارەکە ڕووخا بەدەستی ناحەزو دوژمنانی کوردوکوردستان قازی موحەمەد یش لەڕۆژی١٠ی خاکەلێوەی ساڵی٢٧٤٧ ی کوردی لە شەقامی چوار چرا لە شاری مەهاباد لە سێدارە درا هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پیرۆزی بێت کە گیانی خۆی لە پێناوە خاکی کوردستان وگەلەکەی بەخت کرد.

## (ژمارەی دانیشتووانی کوردستان)

ژمارەی دانیشتووانی هەموو کوردلەجیهاندادەگاتە زیاترلە(٣٠٠ر٥٠)پەنجاملیۆن وسێ سەدهەزارکەس ،کەلەخوارەوە ژمارەی دانیشتووانی هەموو پارچەکانی کوردستان ودەرەوەدیاری کراوە.

١- کوردستانی باکوور،ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(٠٠٠ر٤٥٠ر ١٩ ) نۆزدەملیۆن وچوارسەدوپەنجاهەزار کەس.

٢- کوردستانی ڕۆژ هەڵات ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(٠٠٠ر٣٠٠ر١٤ )چواردە ملیۆن وسێ سەد هەزارکەس.

٣- کوردستانی باشوور ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(٠٠٠ر٢٠٠ر٦ )شەش ملیۆن و دووسەدهەزارکەس.

٤- کوردستانی ڕۆژئاوا ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(٠٠٠ر٨٠٠ر٢)دووملیۆن وهەشت سەدهەزارکەس

٥- کوردی سۆڤیەت ،ئێریڤان ،ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە (٠٠٠ر٩٨٠)نۆسەدوهەشتا هەزارکەس.

٦- هەرێمی ئەنازۆلی تورکیا ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(٠٠٠ر ٣٨٥)سێ سەدو هەشتا وپێنج هەزارکەس.

٧- هەرێمی خوڕاسانی ئێران ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(٠٠٠ر٧٥٠)حەوت سەدو پەنجا هەزارکەس

٨- کوردانی لوبنان  ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(٠٠٠ر ١٧٥) سەد وحە فتاو پێنج  هەزار کەس.

٩- کوردانی ئیسرائیل ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە (٠٠٠ر ١٢٥)سەدوبیست وپێنج هەزارکەس.

١٠- ئەرمەنستان و ئازەربایجان و گورجستان، ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە(٦٥١)شەش سەد وپەنجاو یەک هەزارکەس.

١١- کوردستانی سوور کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە(٠٠٠ر٩٢٠) نۆسەدوبیست هەزارکەس .

١٢- کوردانی(هەندەران)ژمارەیان دەگاتە(٠٠٠ر٣٤٥ر٣) سێ ملیۆن وسێ سەدو چل وپێنج هەزار کەس.

واتە کۆی گشتی ژمارەی نەتەوەی کورد لە کوردستان ولە دەرەوە دەگاتە(٠٠٠ر ٣٠٠ر٥٠)پەنجاملیۆن وسێ سەدهەزار کەس.

ئەمەیخوارەوە، ناوی هەمووپارێزگاکانی کوردستانی گەورەیە کە زیاترلە(٤٠)پارێزگا پێک هاتووەلەهەموو پارچەکانی کوردستان تەنهابیست پارێزگایە،لەکوردستانی باکورە.

## ( پارێزگاکانی)

یەکەم - باکووری کوردستان

١- ئامەد - دیار بەکر

٢- وان

٣- موش

٤- بەدلیس

٥-جۆلە مێرگ - هەکاری

٦- كنكان - ئۆسمانيا
٧- ئاگرى
٨- ئەرزەڕوم
٩- ئەرزنجان
١٠- مەلاتيە - مەلەدى
١١- بينگۆل - چەوليگ
١٢ – غازى ئەنتاب - ديلۆک
١٣- دێرسيم
١٤ – سيفاس - سێواس
١٥ – ئەلازيخ - خارپێت
١٦ – ئيخدير - ئيدر
١٧– ئاديەمان - سەمسوور
١٨ – سێرت
١٩ – مێردين
٢٠ – ئورفا




دووەم - باشووری كوردستان
١- هەولێر
٢- سلێمانى
٣- دهۆک
٤- كەركوک
٥-هەڵەبجە

سێيەم - كوردستانی ڕۆژ ئاوا
١- حەسەكە
٢- دێرک
٣- قاميشلۆ
٤- عەفرين
٥- كۆبانێ
چوارەم- كوردستانى ڕۆژ هەڵات
١- كرماشان
٢- ورمێ - ڕەزائيە

٣- سنە
٤- ئیلام
٥- بۆکان
٦- سەقز
٧- مەهاباد
٨- ئیسلام ئاباد
٩- پیرانشار و بیجاڕ ، دیاری کراون بۆ بوون بە پارێزگا.

هەروەها لە هەرچوارپارچەی کوردستان دەبێت پایتەختەکەی(هەولێر و دیاربکر)بێت، هەروەها گەورەترین شاری کوردستان(ئورمیە وهەولێرە)بچوکترین شاری کوردستان (ئادیەمانە) دەکەوێتە باکووری کوردستان هەروەک باسمان کردکەکوردستان دابەشکراوە بەسەرچواردەوڵەتی بێگانەوەک (ئێران، عێراق،تورکیا ،ئەرمینیا،سوریا)ئەمەش لەبەرنەبوونی یەکڕیزی نەتەوەی کوردە،بۆیە دوژمنانی چاوچنۆک خێرو بەرکەتەکەیان بۆ خۆیان دابەشکردووە ودژایەتی نەتەوەی کوردیش دەکەن کەئەرمینیا بەشی زۆری کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی تورکیا.

## زاراوەکان- لەهجە

زاراوەکان لەکوردستاندا چەند جۆرێکن،وەک ئەم زاراوانەی خوارەوە کەلەناو زمانی کوردیدان .
١- سۆرانی
٢- بادینی
٣- کرمانجی
٤- زازایی
٥- هەورامی
٦- لوڕی
٧- کەلهوڕی
٨- فەیلی
أ - زاراوەی کرمانجی - بەشی زۆریان لە باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانن .
ب - زاراوەی زازایی - ئەم شێوەزارە لە باکووری کوردستانە .
ج - زاراوەی سۆرانی - ئەم شێوە زارە لە باشووری کوردستان ڕۆژ هەڵاتی کوردستانە.
د - زاراوەی لوڕی - ئەم شێوەزارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە .
ح - زاراوەی کەلهور - ئەم شێوەزارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە .
خ – زاراوەی هەورامی - ئەم شێوەزارە لەڕۆژهەڵات وباشووری کوردستانە .
ه – زاراوەی فەیلی - ئەم شێوە زارە لە باشوورو ڕۆژ هەڵاتی کوردستانە .
پێکهاتەکانی کوردستانی گەورەپێکهاتووە لە (کورد، ئەرمەنی،عەرەب،عەلەوی ،ئاشووری،تورکمان)زۆرینەی دانیشتووانی کوردە کەڕێژەی لە%٩٥ولە %٥ نەتەوە و پێکهاتەکانی تر پێک هاتووە . هەروەها گەورەترین گۆم لە کوردستان(دەریاچەی وان )کەوتۆتە باکووری کوردستان دووەم گەورەترین گۆم(دەریاچەی ئورمیە)یە کە کەوتۆتە کوردستانی ڕۆژهەڵات.گەورە ترین و بەرزترین چیالەکوردستان(چیای ئاگری)یە،کە بەرزییەکەی

(٥٣٢١)مەتره له باکووری کوردستانه دەکەوێتە نێوان وولاتی کوردستان و ئەرمینیا کوردستانی گەورە دراوسێیەلەگەڵ(٦)شەش وولات وەک(تورکیا ،عێراق ،ئەرمینیا،ئێران،سوریا،ئازربایجان) کوردستان نەخشەکەی کەوتۆتەسەرشەتی عەرب وسەردەریای ناوەڕاست .کوردستان خاوەنی نەوتێکی زۆرە، واتە ڕۆژانە دەتوانێت(٣)سێ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بێنێت وڕەوانەی دەرەوەی کوردستانی بکات.کوردستان خۆی لەخۆیدا شوێنێکی گەشتیاری زۆر گەورەیە له هەموو جیهانداخەڵکی ڕووی تێدەکات،چونکەچەندین شوێنی خۆش ودڵرفێنی هەیە.لەجیهاندا لە هەر(١٤٠)کەس کەسێکیان دەبێت کورد بێت، نەخشەی کوردستان لەنەخشەی(٦٢)وولات گەورەترە لەجیهاندا، بۆنمونە لە بەریتانیاوچەندین وولاتی تر.

ئەمرۆ باوابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد
بێنەوە مەیدان بە عیلم و صەنعەت و عیرفانەوە
نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەر لەکرماشان هەتا وورمێ وسنە و بۆتانەوە
ڕێک ئەخەن وەزحیەتی وان وجەزیرە سەربەسەر
عەقرە و زاخۆ ئەبەستن ڕێک بەقەد بۆکانەوە
خانەقین و مەندەلی و خاکی لوڕستان یەک بەیەک
وەک وەستا ئەدرون بەباڵای مەنتیقەی بابانەوە
بەچکە شێرانی عەشایر بۆ قڕان دووژمنان
هەر وەکو ڕۆستەم ئەکەونە هاتن و جەولانەوە
پاش قڕانی مودەعی دەسپێ ئەکەن تەعمیریوولات
ڕێگەی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە
کێوو کەژ گشتی ئەبێتە باغ وجادەو قەسرو ڕێ
بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لة ئینگلیستانەوە
(( ئەحمەد موختار بەگی جاف))

## (نەتەوەی کورد)

نەتەوەی کورد ڕەوان و ڕوحیەکی نەتەوایەتی و سیاسەتێکی بڵیندی خۆی هەیە کەلە نێو نەتەوایەتی جیهانی ئەمرۆداسەرنجی هەنگیوە ولەڕوانگە وپایە و ڕێزی پێشەوایانی ڕونی بیروەند و کۆمەڵانی پێشڕەوی ئەمرۆدا زۆر لە بەردڵان پەسندە،زمانی تەواو کامیلەکانی هیند و ئەوروپایی ئارییە زمانی کوردی بەسەدان ڕاوێژی جۆراوجۆری پان و بەرین وشیرنەوە بەشێکی زۆری لەڕاژە وفەرهەنگی زمانەکۆنەکانی ئاری وەکو ئاوێستایی،پارسی کۆن وپەهلەوی هەڵگرتووە وپاراستوویە هەڵبەتە ئەوگەنجینە هێزایە ئەو هەموو سەرمایە گرانمایەیە بۆتە کاکڵە زێڕینەی گەوهەری فەرهەنگی باوەڕوانی زمانی کوردی ئەمرۆ کەپێم وایە و دەڵێم زمانی کوردی خاوەنی گرنگترین وگەورەترین باوەروانی ئەدبییاتی عامیانەی جیهاني یە ,هەڵبەتە نەتەوەی کورد ئەو کەلەپور و گەنجینەپڕ باوەڕ وهێژای نیاباوانی بەدرێژیی مێژووی هەڵی گرتووەوپاراستوویە، لەنیوەی سەدەی بیستەمدا بەمەی سپاردووە ئێمەش بەڕوحی خۆمان ئەودەسکەوتە گەورە وگران وپیرۆزوپاکو ڕووناکە، دەبێت وەکو چاوەجوانەکانی خۆمان بیپارێزین و بەگیان و دڵ ودڵگەرمیەکی بێ وێنە لەڕێی ژیاندنەوەی زمانی کوردی کە زماني دایکمانە،فەرهەنگ وهونەری بڵیندی ئەو کار دەکەن بەرەوندێکی

ڕووناکو زانایانە لە ڕێی کۆ کردنەوە و ڕێک وپێک کردنی ئەو یادگار و کەلەپورەی فراوانی باوەڕوانی پڕ کوانـدن و گەشـاندنەوە و پێشـڕەوی پێدان و وەدیهێنـانی زمـان و وێژاوەری کوردی تـازە بەهـیچ بـارێکی ڕاناوەسـتن،هەروەکی زیاترلە چل وچوار سـاڵی ڕابـردوو ڕانەوسـتاوین وچانمـان نەداوە،هەرواکەئەزانین لە نیشـــتمانی پـــارچە پـــارچە کـــراوی ئـــێمە بە هـــۆی بـــارودۆخی تـــایبەتی خـــۆی‌گەلی کـــورد لەکوردستان نەیتوانیووە لە نیشتمانی خۆی و هەموو پارچەکانی کوردستان بەزمانی زگماکی وانەبخوێنت و فەرهەنـگ وئەدەبـی خـۆی پەرەپێبـدا بەڵکـو تائێسـتاکە ناچـارکراوین لە قوتابخـانە وخوێنـدنگاکان بەزمـانی بێگانەکان وەک عەرەبی وفارسی وتورکی بخوێنین بۆیە تائێستاکە ئەم بارودۆخە، وای کردووە ئەستەنگێکی گەورەی لەڕێگـای پەرە سـەندنی فەرهەنـگ وئەدەبـی کـوردی دروسـتکردووە،زمانی کـوردی زمـانێکی سـەر بەخۆیە زۆر نزیکەلەزمانی هیندی وئێران وئەوروپییەکان،هەربۆیە کورد لەڕووی زمان وکەلتور ڕەچەڵەکەوە لەزمانی عەرەب وتورک جودایە.ئەم زمانە چەندجۆرە دیالەکتێکی هـەیە کە هەمـوویان لە یەکەوە نزیکن،هۆی سـەرەکی نەبوونی زمـانێکی یەکگرتووی یەک شێوە هەتـا ئـەمڕۆکە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گیـانێکی سـەر بەخـۆی کوردسـتانێکی ئـازادو یەکگرتـووی، کـورد لە ناوخـاکی کوردسـتان بەچەنـد شـێوە زمـانی کـوردی قسەدەکەن زمانەسەرەکیەکان ئەمانەن کە بەپێنج دیالەکتیک قسەدەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە .

١- کوردانی باکوور بەشێوەزاری (کرمانجی سەروو،زازایی،دملی ،گەردی )

٢-کوردانی ناوەڕاست بەشێوەزاری (کرمانجی،بادینی،سۆرانی،هەورامی،کاکەیی ، شەبەکی ، گۆران)

٣- کوردانی باشوور بەشێوەزاری (کرماشانی ،فەیلی،لەکی،لوڕی )

## (زمانی کوردی لە کوردستان)

زمـان وەک پـایەیەکی گرنگی نەتەوەیـە.ئەگەر بۆ هێندێک نەتەوە گرنگییەکەی تەنیا ئەوە بێت ،کەهۆکـارێکی پەیوەندي کردنی نێوان تاکەکانیبێت وبەهۆیەوە بیرلە قسـەکەرەوە بۆ گوێگرو بەپێچەوانەشـەوە بگوێزرێتەوە ئەواسـەبارەت بەهێنـدێکی ترگرینگي یەکەی زۆر لەوەش زیاترە،زمـانی کوردیش یەکێکەلەوجۆرە زمانـانە،ئەم بۆچـوونەپشت بەسـتە بەو هەڵ و مەرجـانەی کە لە ئێسـتاولەمێژووی نەتەوەکەشـدا ڕەنگیـداوەتەوە.کاتێکیش کەپسـپۆران کۆمەڵێک هۆکـاروەک پایەکـانی بـوونی نەتەوە بـاس دەکەن،ئەوادەبینین کوردلەوپایەیـانە بەپـلەی یەکەم زمانەکەی بەکارایی مـاوە، دیارە هۆکارەکانیش کەم نین،بۆنموونە(یوسف ستالین)لەپێناسـەی نەتەوەدا ووتوویـەتی نەتەوە کۆمەڵێکی جێگیر بووە لە خەڵک ولەبەرەوپێش چوونی مێژوودا دروست بووەو یەک زمان و یەک خـاک ویەک وولات و ئـابووری یەکگرتـوو و سـایکۆلۆژییەتێکی وایـان هەیەکەبەشـێکەلەگەڵ چەرخـی هاوبەشـــیان.کەواتە کـــورد زمـــانەکەی ماوە.کەگومـــان هەڵنەگرەوتۆمـــاری مێـــژوو وکەلتـــور وئـــاواتی نەتەوەکەشـە،ئەگینا هەنـدێک لەپایەکـانی تـر چ ئـاین،ئەوەی کەتـایبەت بێت بەکـورد هێنـدێک لە ئەڵقەکانیـان تێداچوون یان لەناو براون،دیارە هۆکاری ئەوەش کەم نین، هەرلەداگیرکراوی وژێردەستی وهـاتنی ئـاینی نوێ ولە سایەی هێزو زۆر دارییەوە بیگرەتا ئەوەکە هێندێک جارخودی خەڵکەکەش بەناچاری دوای بەسـەرچوونی دەیـان و بگرە سـەدان سـاڵ،وایان لێهاتووە کە هەڵو مەرجە پێشینەکەیان لەبیر بکەن یـاخود هەوڵـی تێکەڵ کردنـی سرووشـت وتـایبەت مەنـدییەکانی ئـاینەکەی خۆیـان لەگەڵ ئاینەنوێیەکـەدابدەن لەپێنـاوی ئەوەدا کە هەرچۆنێک بێت بەهۆی ئەوتێکەڵ کردنەوە هێندێک تایبەت مەندێتی خۆیان بپارێزن .گومانیش لەوە دانیـەکە ئەمە دەبێـتە شـێواندنی شتەڕەسـەنەکەوکاتێکیش کە سـەدان وبگـرە هەنـدێک جارزیـاتری بەسـەردادەڕوات ئیترلەوە دەردەچێت کەوەک پێویست ئاوێنەی تایبەت مەندیەکانی خودی نەتەوەکە بێت،سەبارەت بە مێژووش ئەگەرمێـژووی نەتەوەیەک کەبەدوای تێکشـکانیدا نیشـتمانەکەی داگیرکرابێـت،ئیتر هەڵـو مەرجـی ئەوەی بـۆ

نارەخسێت کەبیپارێزێت، بە تایبەت ئەوەی کەنووسراوبێت یاخود لەشێوەی ئاسەواردا مابێتەوە چونکە داگیرکەرهەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە تایبەت مەندییەکانی کوردستان داگیرکات و لە ناویان ببات،جائەگەر سەبارەت بەئابووری یەکگرتووش قسەبکەین، ئەوە ئاشکرایە کە نەتەوە ئەگەرقەوارەیەکی رامیاری یەکگرتووی نەبێت داگیرکراوی چەند نەتەوەی تربێت،ئیترچۆن دەتوانێت یان دەرەخسێت ئابووری یەکگرتووی هەبێت.دیارە هۆی ئەم نەهێشتنەش زۆرن،یەکێک لە وانە ئەوەیەکەئابووری یەکگرتووی نەتەوەی ژێر دەست وادەکات کەوابەستەیی بەکەسەوە نەبێت،کەئەمەش بووئەواپەرەسەندنی ئابووری دێتە ئاراوە، هەموو پەرە سەندنێکیش ئاستی ژیان بەرەو باشی دەبات.لەئاکامی ئەوەشدا نەتەوەی ژێردەست هەوڵەکانی بۆئازادی و رزگاربوون چڕتردەکاتەوە.بۆیە هەرگیزداگیرکەران رێیان بەوە نەداوە کە کوردستان ئابوورییەکی تۆکمەو یەکگرتووی خۆی هەبێت ،چونکە ئەوان لەترسناکیی ئەولایەنانە بۆ خۆیان بێ ئاگانین.کەواتە لە سەرجەم ئەو پایانە نەتەوە بۆکورد ئەوەی بەڕوونی وبە ئاشکرایی لەبەردەم شێواندنەکانی رۆژگارو ناحەزاندا بۆ سەدان وبگرە لە هەندێک باردا بۆ هەزاران ساڵی داگیرکراوی مابێتەوە وخۆی پاراستبێت تەنیا زمانەکەیە،کەئەوی لەبەشێکی جوگرافیای نیشتمانی کورد دایە کە ئێستا چەندین پارچەیەو لە ناوسنووری رامیاری چەندین دەوڵەتی داگیرکەردایە.مانەوە زمانەکەوخۆراگرتنی بۆتە جێگەی سەرسوڕمانی هێندێک لێکۆڵەری بێگانەکان،چونکە لەجیهاندا بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداچەندین نەتەوە هەبوون کەچی بە دوای داگیرکردنیاندا زمانەکەیان لە ناوچووە لەزۆربارێشدا نەتەوەکان لە بۆتەی داگیرکەرەکانیاندا تواونەتەوە،هەر بۆ نموونە فینیقیەکان و ئارامیەکان،کە لە لوبنان وهەندێک ناوچەی تردا هەبوون،کە ئێستاکە ئاسەواریشیان نەماوە چونکە زمان بۆ هەموو نەتەوەیەک شتێکی سەرەکی یە کەکورد توانیویەتی زمانی خۆی بپارێزێت لەناو ئەوهەموو دوژمنکاریەی کە لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان بەهۆی زوڵم وستەم کە لێی دەکرێت ،بەپێی وتەی زۆرێک لەپسپۆڕان وشارەزایانی زمان لەئێستادا زمانی کوردی لە قەیراندایە وبۆ رزگاربوونیشی لەو قەیرانە هەوڵی هەموو لایەکی پێویستە.لەئێستادا زۆرێک لە شارەزایانی زمان وای بۆدەچن کەبەشێک لەو قەیرانەی زمانی کوردی تێکەوتووە نووسەران لێی بەرپرسیارن ئەویش بەهۆی داتاشینی ووشە گەلێک کەرەنگەهەندێک جارخۆشیان سەریان لێی دەرنەچێت،هەروەها ناشارەزایی لەزمانی کوردی وبێ ئاگایی لەزمانەکانی دیکەی جیهان وایکردووە زمانی کوردی لەئێستادا لەچەندین لاوە بکەوێتەبەرهێرش وترسناکترین ئەوهێرشانەیش کۆچی بەکۆمەڵ و بێشوماری گەنجانی کوردو دێهات نیشینەکانە بۆ شارەکان،زمانی رۆژنامەوانی کوردیش،کە پەیامێک بۆ گەل وپێویستە بە شێوەیەک بێت،هەموو چینەکان لێی تێبگەن ئەویش بەشێوەیەکە زۆرجار گلەیی لێدەکەوێتەوە و هەڵوێستەی لەسەردەکرێت.

## (مێژووی ماددیی کوردی)


بەڕێز ئیحسان نوری پاشا لە سەربەرگی کتێبی(تاریخ ریشەی نژادی کرد) مێژووی ساڵی(٢٥٤٧)ی کوردی-ماددیی ئەنجومەنی ئێران ناسی بەرامبەر بە ساڵی (١٣٣٣)ی هەتاویی و(١٩٥٥)ی ساڵی زاینی،بۆ یەکەم جاربەناوی مێژووی مادیی کوردی نووسیووە.بەڕێز ئیحسان نوری پاشا و مامۆستا ئیبراهیم پووررداود و ژمارەیەک لێکۆڵەری ئێرانی ودەرەکیی،لەو باوەڕەدابوون کەکوردەکانی ئێستاکەهەر ئەومادده کۆنیانەی ئێرانن ،مامۆستا پورداود مامۆستای ئاوێستاو ئەدەبیاتی بەرلە ئیسلامەتی ئێران بە یەکێک لە کەسایەتیە گەورەکانی ئەدەب و رۆشنبیری ئێران دەژمێردرێ، ئەو یەکەم کەس بوو لە ئێرانیەکان کە ئاڤێستای وەرگێڕاوە،چەندین وتاریشی لەم بارەیەوە بەزمانی فارسی نووسیووە، دەیان بەرگی کتێب و ووتاری لە بارەی ئاوێستا و زەردەشتیەکان، مێژووی ئێرانی کۆن و ماددەکان و هەخامەنشیي کان فەرهەنگی ئێرانی

كۆن سروودەكانی زەردەشت وكورتە مێژووی چوونی ئێرانیان بۆ هیند واتە پارسیان وهیتر نووسیووە.بەڕێز ئیحسـان نـوری ومامۆسـتاپورداود داگیركردنی(موصل)واتـە نەینەوای پـایتەختی ئاشـورییەكانی بەدەسـتی هوەخشـترەی پاشـای مـاد بەگوێرەی لەوح نووسـراوەكانی ئاشووربەسـاڵی(٦١٢)پێش زاینـی دەزانـی و بۆیە ئەوان لەوبـاوڕە دابـوون ك كەوردەكـانی ئێسـتاپاشـماوەی ماددەكـانی پێشـوون، ئەنجـومەنی ئێـران ناسـیش كەسـەرۆكەكەی مامۆسـتا پـووررداود بـووە مێـژووی ڕوخـانی نەینـەوای لە(٦١٢)كـوردی پـێش سـاڵی زاینـی بەمێژووی كوردیی ماددیی یا هاتنەكایەی شاهەنشاهیی ئێران زانیوە.بەڕێز ئیحسان نوری پاشا ئەومێژووەی بەمێـژووی دامەزرانـدنی پادشـایەتی مـاددزانیوە لەكتێبی(تـاریخ ڕیشـەی نـژاد كرد)كەدانـانی خـۆیەتی لەلاپەڕە(٩١)دا دەنووسێت چونكە ڕووخانی دەوڵەتی ئاشووریی لە ساڵی(٦١٢) كوردی،پێش زاینی بەدەستی هوەخشترەی پادشـای بـەهێزی ماددەكـان بووە (هەرلە بەرئەم هۆیە كەمیللەتی كورد- مـادد ئەم مێژووەی بەدەسـتپێكی مێژووی نەتەوەی خۆی قبوڵكردووە) و ئیحسـان نـوری پاشـا یەكەمین كەسـەكە ئەم مێژووەی بەناوی مێژووی كورد نوسیووە،چەندین ساڵ پاشترلەلایەن محەمەد ڕەزاشای ئێران بەبۆنەی دوو هەزاروپێنج سـەدەمین سـاڵی شاهەنشـاهیی ئێیـران جەژن وئاهەنـگ ڕێكخـرا،كە هەر بەم بـۆنەیەوە (سـاڵی كـۆچكردنی حەزرەتـی مـوحەمەدپێغەمبەری خـوا لە مەككەوە بـۆ مەدینە)هەروەهـا مێژووی كـۆچی هەتـاوی كە لە ئێرانـدا بـاوبوو شـوێنی خـۆی بە مێـژووی(٢٥٠٠)سـاڵی شاهەنشـاهی بەخشـی، واتە سـاڵی(١٣٠٠)ی كـۆچی هەتـاوی بەرامبەربە(١٩٧٦)ی‌زاینی گۆڕا بۆ ساڵی(٢٥٣٥) لەكاتێكداكە مامۆستا پووررداودپێش چەند ساڵ لەو باوەڕە دابوو كەدەسپێكی مێژووی شاهەنشاهی ساڵی(٦١٢-ث- ز)ی واتە ڕووخانی ئاشووریەكان بە دەستی پادشای ماددەكـان بێێت،بـەڵام مـحەمەد ڕەزاشـا ڕووخانـدنی بنەمـاڵەی ماددەكـانی بەدەسـتی(كۆرشـی هەخامەنشـی) لەسـاڵی(٥٥٠)ی پـێش زاینـی دەسـتێكی مێـژووی شاهەنشـاهی ئێـران دانـاو ئەمەش یەكێـك بوولەهەڵەكـان یاخۆپەرستیەكانی شاكەلەسـەردەمی دەسـەڵاتی خۆیدا ئەنجامی داوجیاوازیی لەنێوان دوو بنەماڵەی مـاددیی وهەخامەنشیی دانا پێویستە بگوترێ كەكۆرش نەوەی كچی ئیختۆ ویكۆی دوایین پادشای ماددەكان بووكە بەدەستی كۆرش دیل كرا،ماندانای كچی ئیختوویكۆی مـاددیی دایكی كۆرش سـەرۆكی بنەمـاڵەی پادشـاكانی هەخامەنشیی بووە. لە ڕاستیشدا كۆرشـی سـەرۆكی بنەمـاڵەی هەخامەنشیان لە دایكێكی مـاددیی و بـاوكێكی هەخامنشـیی پەیـدابووە، بۆیەئەبێـت میلەتـی كورد،سـاڵی كـوردی‌زۆر لاپیرۆزبێت،كـاری پـێ بكات،پێویسـتە لەسـەرجەم دام ودەزگاكـانی هەرێمـی كوردسـتان كـاری پێـی بكەیـن لەم سـاڵانەی دواییدا كوردەكـان حەوت سەدەسـاڵ پێش زاینی یـان بەسـاڵی دامەزرانـدنی حكومەتی مـاددی زانیـوە و بەدەسـتپێكی مێـژووی مـاددی كوردییـــان دانـــاوە، واتە ئەم ســـاڵ دەكـــاتەڕێكەوتی(١١- ٩-٢٧٢٠)ســـاڵی كـــوردی واتە(١١) مـــانگی بەفرانباری(٢٧٢٠)كوردی بەرامبەر بە ڕێكەوتی( ١-١- ٢٠٢١)ساڵی نوێیی زاینی واتەمانگی كانوونی دووەمەلە ساڵی(٢٠٢١)ی زاینی،لەوانـەشە ئەم گۆڕینە مێژووە بۆگونجاندن بوونی لەگەڵ مێـژووی سـاڵی زاینی یدا ئەم باسـەم تەنهـا بۆ زیـاتر زانیـاری وەرگـرتن بـوو لە مێـژووی كـوردو كوردسـتان و سـاڵ ومـانگی كـوردی تـا خوێنەرو قوتابیانیش بزانن كەكوردیش خاوەنی ساڵ ومانگی خۆیەتی بە زمانی كوردی،زمانی دایك .

## (میرنشیە كوردیەكان)

كوردستـانی گەورە بە دەیـان میرنشـنی گەورەو بچوك وبەهێزو بێ هێزی هەبووە،هەروەهـا بەسـەدان میرو سـەركردەی ئازاو زیرەك وهەڵكەوتوولەناوخەڵكی كوردلەم كوردستانە خۆشەویستەدا میرایەتیان كردووە،جگە لە مەش میرانـــی كـــورد لەپـــاڵ جیـاد وخزمەتـــی سـەربازی،خێرخوازانـــە دەیـــان دامەزراوەی زانســـتی وخزمەتگوزارییان ئاوا كردووە وەك مەدرەسە،واتە قوتابخانە وكارخانەی پیشە سازی چەك وكەل وپەلی ناو

مـاڵ وكشـتوكاڵ و ئاژەڵیـان دامەزرانـدوە،هەروەها بەدەیـان مزگـەوت وخانەقـا و نەخۆشـخانە وچەنـدین قەڵا وسەنگەر وقونگرە و بەدەیان پردی گەورەو بچوكیان لە سەر ڕووبارەكان دروست كردووە،لە هەمـوو شـارو گوندەكان وسـەرگردولوتكەی شـاخ وكێـو ودەشـت ودۆڵەكـان زۆر بە ڕێـك وپێـك وبەمەحكەمـی دروسـتیان كردووە،تائێستاكەش هەندێك لەم پاشـماوانە هـەرمـاوون ،لە هـەموو ناوچـەكانی كوردسـتان وێڕای مـیران و سـەركردەولەشـكرەكانیان،بەدەیان قـازی و زاناوعـالم وفەقـیهم وفەرمووودەنـاس ومامۆسـتاومەلای زیـرەك وخـودبە خـوێن وئەدیـب و شـاعێرو ڕۆشـنبیری كـورد پەروەرلە دام و دەزگاكـانی میرنشـنەكان خزمەتیـان كـردووە بـۆ بەرەو پێشـبردنی كاروبـاری خەڵـك و ئـاوەدان كـردنەوەی شـار و گونـدەكان و بەهێزكردنـی دەسـەڵاتی كوردی و میرنشنەكانیان لە كوردستانی خۆشەویست.



وێنەی میرمحمد بەگ

من گەلێكم خاكـم هـــەیە
زۆر ووشـــەی چـاكـم لایـە
هـەر چەنـدە ژینـم تـاڵ بێ
لـە تێكـۆشـان واز نـاهـێنـم
بۆئـازادی وسـەربەخـۆیی
تـاكـو مـا فی خـۆم بستێنم



تۆپی میرنشینی سۆران

## (هەولێر لە سەردەمی میرنشینی سۆران)

میرمستەفا بەگ لە دوای نەخۆش كەوتنی وكوێر بوونی هەردوو چاوەكانی لـە سـاڵی(١٨٢٥)ی زاینی،سـاڵێك پێش ئەوەی كۆچی دوایی بكات ئەمری كردكە(محەمـەد بەگ) ی كوڕی دەكاتەجێنیشنی خۆی لە میرنشنەكەی چونكە لە هەموو كوڕەكانی چاونەترس و ئازاو زیرەك وبەتوواناتربووە،جگە لەوەش خوێندەوارێكی زیرەك و زانـاو ڕۆشنبیرو قسـەزان بـووە، ئەوجـا لە دوای نەمـانی میر مستەفا بەگی بـاوكی بەتەواوەتـی دەسـەڵاتی میرنیشـنی سـۆرانی وەرگرت،وبۆتە مـیری میرنشـنەكەی، لێرەوە كەوتە خـۆو پەلـی هاوێشت بۆ یەكەم جار برادۆسـت وشـێروان و مێرگەسـۆرو سـەرچیا تـا دەگـاتە ئـاكرێی گـرتن، دیـار بـوو دوای نەخـۆش كەوتنـی مـیرمستەفا بەگ مـاوەیەكی زۆر بـوو لەشكری بابانیەكان هەریرو دۆڵـی ئـالانـەیان داگیركردبوو،بۆیە داوای

لێکردن کە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی پێشووی کەلێی هاتوون بەزووترین کات ناوچەی هەریرجێ بێڵن،بەڵام بابانیەکان لە جیاتی بە قسەی بکەن گەفیان لە میر محەمەد دەکرد، ئەوجامیرمحەمەد بەگ ئەمری کرد بەزەبری هێز ناوچەکەیان پێ چۆڵ بکات ،ئەوەبوو هێرشێکی گەورەی کردە سەر هەریروباتاس وناوچەی خۆشناوەتی وشەقڵاوە، بە ماوەیەکی زۆر کەم توانی لەم ناوچەیە وەدەریان بنێت تا دەگاتە نزیک سورداش ولەم لاوە ڕانیە وقەڵادزە وکۆیەی گرتن بەوەش لێ نەگەڕا دوای بۆ ئەوەی زیاتر میرنیشنەکەی گەورەو فراوانتر بکات ئەم جارە پەلی هاوێشت بەرەو دەڤەری بادینان هێرشەکەی بەرێکەوت،چونکە بەشێکی زۆرلەم میرنیشینانە سەر بە دەسەڵاتی عوسمانیەکان و والی موسڵ بوون وخەڵکی خۆیان زۆر ئازاردەدان نیوەی زیاتر بەرو بوومی کاسبکار و جوتیارکانیان بۆ خۆیان دەبرد هەروەها بۆیە خەڵک زۆر لێیان بێزاربوون جگە لەمەش زۆر دژایەتی میرنیشنی سۆرانیان دەکرد هەر ئەمەش زیاتر وای کردبوو کە میر محەمەد تورەبکات ناوچەکە بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی میرنشنەکەی خۆی،ئەوجا بەر لەوەی هێرش کاتەسەردەڤەری بادینان بەلەشکرێکی زۆر گەورەوپرچەک و ئازوقەوە کەپێک هاتبوون لە عەشیرەتەکانی باڵەکایەتی وسورچی و زراری و برادۆستی وخۆشناوەتی بەرەو هەولێر کەوتەڕێ هەرچەندە هەولێریەکان هەڵوێستێکی زۆرجوامێرانەیان هەبوو بەرلەوەی لەشکری پاشای گەورەی ڕواندز بگاتە هەولێر،پیاو ماقوڵانی شاری هەولێرلەناوەخۆیاندا بڕیاریاندا نامەیەکیان بۆ محەمەد بەگ میری سۆران ڕەوانە کردبۆ ڕواندزلە جیاتی شەڕکردن لەگەڵی پێشوازی هاتنی لێ دەکەین، واتە بەبێ شەڕ دەرگای شاری هەلێر بۆ لەشکرەکەی میرمحەمەدبەگی ڕواندزی واڵا دەکەین و زۆرمان پێ خۆشەکە بێتە هەولێر،میرمحمەد بەگ بەم نامەیە زۆر خۆشحاڵ بوو بۆیە زەخیرەو ئازوقەیەکی زۆری لەگەڵ خۆی بردە شاری هەولێر،دابەشی سەر هەزارەکانی کرد،ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆری شاری هەولێرو دەورو بەری هاتبوونە پێشوازی کردنی خۆی ولەشکرەکەی هەرچەندە هەندێک لەدانیشتووانی قەڵای هەولێرکورتە شەڕێکیان کرد و ناڕازی بوون کە کەسێکی تر بێت ناوچەکەیان وەیان شاری هەولێر بەڕێوە بەرێت،بەڵام لە کۆتایدا هیچیان پێ نەکرا بە مەجبوری خۆیان دابەدەستەوە،بەم شێوەیەماوەیەکی زۆر دەسەڵاتی خۆی قائیم دەکات لە شاری هەولێر تادەگاتە شاری ئاڵتون کۆپری دەگەڕێتەوە تا نزیک کەرکوک دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی میر نیشنی سۆران،ئەمە کورتەیەک بوولەداگیرکردنی شاری هەولێر بەدەستی میرمحەمەد بەگی میری سۆران،کەپایتەختەکەی شاری ڕواندز بووە.



وێنەی شاری رواندز

## (کۆنگرەی لۆزان)

لە کۆنگرەی لۆزان بۆمان دەرکەوتووە،کەبەریتانیا واتە ئینگلیزەکان لە ڕاو بۆ چوونی خۆیان دەربارەی چارە نووسی کورد لەعێراق وبارودۆخی نێو دەوڵەتەکان لە بەرژەوەندی گەلی کورد دانەبوو،وەکو پەرەسەندنی بزاڤی تورکە کەمالیەکان وبەستنی کۆنگرەی لەندەن و گۆڕانکاری لەهەڵوێستی بەریتانیادا.لەلایەکی ترەوە ،کۆنگرەی قاهیرە ودانانی مەلیک فەیسەڵ بەشای عێراق،بۆیە برینی کوردەکانی باشوری کوردستانی قوڵتر کرد،بۆیە کەمالیەکانیش ئەو هەڵەیان قۆستەوە ولەیەکی مانگی شوبات داسوپایەکیان ناردە شاری ڕواندز،دوای مانگێک لەناوەڕاستی مانگی ئازاردا قائیمقامێک بۆ ڕواندزدەنێرن ولەکۆتایی هەمان مانگدا دەگاتە

ئەویش،لە مانگی حوزەیران سەرهەنگێک بەناوی (عەلی شەفیق ) ناسراو بە ئۆزدەمیر ناردرایە ڕواندز،زۆری نەبرد پشتوانی بەشێکی گرنگی هۆزە گەورەکانی وەک سورچی وخۆشناو و زەنگەنەوهەمەوەند وپشدەری وەدەست خست،لە ناوچەکانی هەولێر و کەرکوک وسلێمانی،بەمەش دەسەڵات وکاریگەری واتە نفوسی زۆری پەیداکرد،دژی بەریتانیا،بۆیەبەبێ بەرەنگاری ڕانیەیان گرت وهەڕەشەیان لە ئاکرێ وکۆیەش کرد.ئەئینگلیزهەوڵی داپشت بەو کەسانەببەستێ کەجەماوەریان هەبوولە ناوچەکەدادژی پرو پاگەندەکانی کەمالیەکان وەک(شێخ محمود )کە ماوەیەک بوو دور خرابۆوە بۆ هیندستان،ئەوەبوولەژێرفشاری جەماوەری دا ئینگلیز شێخ محمودی لە ئەیلولی ساڵی(١٩٢٢)گێرایەوە بۆ کوردستان و کردیان بە فەرمانڕەوای کوردستان.شێخ مەحمود دوای ئەوەی کەگەیشتەوە کوردستان وشاری سلێمانی یەکسەرحکومەتێکی دامەزراندکە پێکهاتبوو لە(٨)ئەندام،لەهەمان کاتدا ئینگلیز بەڵێنی شای عێراقی بەشا فەیسەل دابوو کە کوردستان وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە عێراق دەمێنێتەوە بەریتانیا وعێراق بەیاننامەیەکی ڕەسمی وهاوبەشیان دەرکرد ،کەعێراق دان بەما فەکانی گەلی کورد لە باکووری عێراق دادەنێت لە پێک هێنانی حکومەتێکی کوردی لە چوار چێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دیاربوو ئەوهەنگاوەی حکومەتی بەریتانیالەنیازپاکی خۆی نەبووە بەرامبەر بەکوردو مافەکانی،بەڵکو بۆ ئەوەی بووە کە بارودۆخی عێراق ئارم وسەقامگیر بێت،لەلایەکی تر بۆڕێگەگرتن لەپەرەسەندنی بزاڤی تورکەکەمالیەکان و داخوازی تورکیا بگرێ سەبارەت بەکوردستانی باشوور کەدەکەوێتەباکوری عێراق بە تایبەتی و یلایەتی موسڵ(نەینەوا)ئەوپەرەسەندنەی لە گۆڕێدابوون ،پێگەی مستەفا کەمالیان بەرەوپێش بردبوو،جگەلەکوردستانی خوارووو،مستەفا کەمال لەکوردستانی ئێرانیش خاوەن نفوسێکی زۆر بوو، کەبەئاشکرا لە ڕێگەی هاندانی کوردەکانی موسڵ و کوردەکانی ئێرانەوە ئینگلیزەکانی تەنگاو کردبوون ،ئینگلیز بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ولابردنی مەترسی نەوت وپەترۆلی موسڵ دەستی لە توندوتیژی هەڵگرت،وە دەبوایە ئینگلیز بۆ ڕازیکردنی دڵی مستەفاکەمال دەست لەپەیمانی سیڤەر وەربدات و شتێک نەبێت بەناوی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی لە کۆنگری لۆزاندا سەربەخۆیی کورد لە ئارادا نەمێنێ،لە بەرامبەردا مستەفاکەمال دەست لە ئیدیعای ویلایەتی موسڵ هەڵگرێت،ئا بەم شێوەیە بەرژەوەندییە سیاسیەکان یەکیان گرتەوە بۆ دروست بوونی هاوکێشەیەکی نێو دەوڵەتی نوێ بە بێ گوێدانە ماف و ئارەزووی نەتەوەی کورد لە باکووری عێراقدا هەر چەندە ئەو کاتی کوردیش میلەتێکی یەکگرتوو یەک هەلوێست و یەک ڕیز نەبوون بۆیە زیاتر بەریتانیای توڕە کردبوو، بۆیە لە کۆنگرەی لۆزان بە هیچ شێوەیەک باسی کوردو چارە سەریەکان و سەربەخۆبوونی نەکرا زۆر بەی زۆری سەرۆک هۆزە کوردەکان لە گەلی تورکەکان کاریان دەکرد هەرباسی نەتەوەی کوردیشیان نەدەکرد لە بەر بەرژەوەندی خۆیان،هەر ئەوەش وای کرد کەمالیەکان بتوانن ئەوەرت بکەنەوە کەوا کێشەی کورد بخرێتە بەرنامەی کۆنگرەی لۆزان .

## (ساڵنامەی کوردی)

ساڵی کوردی(٧٠٠) ساڵ پێش ساڵی زاینی دانراوە کە دەگەڕێتەوە بۆساڵی دروست کردنی دەوڵەتی((مادد - میدیا) ئەوکاتی پایەتەختەکەی لە شاری هەمەدان بووە،کەپێیان گوتووە ئەکباتان واتە کورد وکوردستان یەکێکە لە دێرینترین ئەو ناوچە شارستانیانەی کەلەسەرئەم زەویەدا بوونیان هەبووە وهەیە.هەربۆیەلەسەرەوە بۆ خوێنەران ڕوونم کردۆتەوەکە کوردیش خاوەنی ڕۆژوو مانگ و ساڵی خۆیەتی بۆچی کاری پێناکەن،ئێستاکە کورد هەرێمێکی لە باشووری کوردستان ئاوا کردووە هیوادارم لە دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربەساڵ و مانگی کوردی بکەن .

## (وەرزی بەهــار)

مانگی(نەورۆز) یەکەم رۆژی مانگی بەهارە لە ساڵی(٢٧٢١)ی کوردی
١ی (نەورۆز)دەکەوێتە(٢١) مانگی ئازارلە ساڵی(٢٠٢١) زاینی
نـەورۆز(خاکەلێوە - ئاخـەلـێوە) شـی پێ دەڵێن

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەموو | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| یەک شەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| دوو شەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| سێ شەمە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ |
| چوارشەمە | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |
| پێنج شەمە | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | |
| هـەینی | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | |

(ڕووداوکان لـە مانگی( نـەورۆز)

- لە ڕێکەوتی (٢٦٤٧/١/١٠) قازی محەمەدسەرۆک کۆماری مەهاباد لە گۆڕەپانی چوار چرای مەهاباد لە سێدارە درا.
- لە ڕێکەوتی(٢٧٩١/١/١١)کۆڕەوە گەورەکەی کورد دەستي پێ کرد کە زیاترلە سێ ملیۆن کوردلەباشووری‌کوردستان ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بـوون .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٨٨/١/٢٥)حکومەتی عێراق دەستی کردبەئەنفال کردنی نەتەوەی کورد .
- لە مانگی نەورۆز سێ ڕۆژبە بۆنەی نەورۆز پشووی ڕە سمی یە (١،٢،٣)

## ( وەرزی بەهار)

مانگی گوڵان دووەم مانگی بەهارە لە ساڵی(٢٧٢١)ی کوردی

مانگی گوڵان دەکەوێتە مانگی نیسان وئایارلە ساڵی (٢٠٢١)ی زاینی

(گـوڵان - دووەم مـانگی بـەهارە)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەموو | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| یەک شەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| دوو شەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| سێ شەمە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ |
| چوارشەمە | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |
| پێنج شەمە | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | |
| هەینی | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | |

(ڕوداوەکان لە مانگی گولان)

لە ڕێکەوتی(٢/٢/ ٢٥٩٨)ی ساڵی کوردی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی(کوردستان) لە قاهیرەی پایتەختی میسردەرچووە،لە لایەن ڕۆژنامەنووسی کورد(مقدادمەدحەت بەدرخان) بۆیەئەم ڕۆژە بۆتەڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی کە هەمووساڵێک لە٢/٢یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە .

- لە ڕێکەوتی(٢٦٧٤/٢/٤)حکومەتی عێراق بە فرۆکەی(سیخۆ ومێک) (٢٣) بۆردومانی شاری قەڵادزەی کرد،بە دەیان هاوڵاتی و قوتابی شەهید وبریندارکران،

- لە ڕێکەوتی(٢٦٩٢/٢/٢٩)ی ساڵی کوردی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو،کورد لەم ڕۆژەدا بووە خاوەنی پەرلەمانێکی کاراوسەربەخۆ.

- لە ڕێکەوتی(٢/٣٠/ ٢٦١٩)ڕاپەڕینی گەلی کورد بەڕابەرایەتی شێخ مەحمودی نەمردەستی پێکرد.

(وەرزی بـەهـار)

مانگی(جۆزەردان)سێیەم مانگی بەهارە لە ساڵی(٢٧٢١)ی کوردی

مانگی جۆزەردان دەکەوێتەمانگی ئایار و حوزێران لەساڵی(٢٠٢١)ی زاینی

(مانگی جـۆزەردان (کۆتایی مـانلـی بـەهـارە)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شـەموو | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ |
| یەک شەمە | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| دوو شەمە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| سێ شەمە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| چوارشەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| پێنج شەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| هـەینی | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ |

(ڕووداوەکان لە مانگی (جۆزەردان )

- لە ڕێکەوتی (٢٦٢٤/٣/١٠)ی ساڵی کوردی بۆردومانی شاری سلێمانی کرا لەلایەن ئینگلیزەوە.
- لە ڕێکەوتی(٢٦٩٢/٣/١٤)ساڵی کوردی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا.
- لە ڕێکەوتی(٢٦١٩/٣/٢٨) شەڕی دەربەندی بازیان بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمود دژی ئینگلیز دەستی پێکرد.
- لە ڕێکەوتی (٢٦٤٧/٣/٢٩)چوار ئەفسەری قارەمانی کورد بەناوەکانی(عیزەت عبدالعزیز،مستەفا خۆشناو ،خەیروڵلا عبدالکریم،محەمەد قودسی)لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراق لە سێدارەدران .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٣٠/٣/٣١) سمکۆی شکاک بەدەستی حکومەتی شای ئێران گوللە باران کرا .

*****************

(وەرزی هاوین)

مانگی(پوشپەر)چوارەم مانگەلەساڵی(٢٧٢١)ی کوردی

مانگی پووشپەر دەکەوێتە مانگی(ئایاروحوزێران) لە ساڵی(٢٠٢١)ی زاینی

پوشپەر (یەکەم مانگی هاوینە)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەموو | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| یەک شەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| دوو شەمە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ |
| سێ شەمە | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |
| چوارشەمە | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | |
| پێنج شەمە | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | |
| هەینی | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | |

(ڕووداوەکان لە مانگی (پووشپەر)

-لە ڕێکەوتی(٤/٤ /٢٦٨١)ی ساڵی کوردی ساڵح یوسفی لە شاری بەغدا بەنامەیەکی لوغم ڕێژکراو شەهید کرا

- لە ڕێکەوتی(٢٦٢٥/٤/٨)لەلایەن دەوڵەتی تورکیا شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانی لە سێدارەدران .

- لە ڕێکەوتی(٢٦١٩/٤/٨)دادگای ئینگلیزەکان فەرمانی لە سێدارەدانی شێخ مەحمودی نەمریاندا،

بەڵام پاشان گۆڕیان بۆ دوورخستنەوەی شێخ بۆ هیندستان،بۆ ماوەیەکی نادیار نەفی کرا.

- لە ڕێکەوتی(٤/١٣/ ٢٦٩٢)یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان دامەزرا .

- لە ڕێکەوتی(٢٦٨٩/٤/٢٢)لەڤیەنا(عبدالرحمان قاسملۆ)سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تیرۆرکرا.

## ( وەرزی هـاویـن)

مانگی(خەرمانان )پێنجەم مانگەلـە ساڵی(٢٧٢١)ی کوردی

مانگی خەرمانان دەکەوێتە مانگی(حوزێران وتەموز) لە ساڵی(٢٠٢١)ی زاینی

(خـەرمانان) یان(جۆخینـان) دووەم مـانگی (هاوینـە)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شـــەموو | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| یەک شەمە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| دوو شەمە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| سێ شەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| چوارشەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| پێنج شەمە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ |
| هـــەینی | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |

(ڕووداوەکان لە مانگی (خەرمانان )

- لە ڕێکەوتی(٥/٣/ ٢٦٩٢)ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بڕیاری لـەسەر (یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ) دا
- لە ڕێکەوتی(٢٦٨٣/٥/٨)حکومەتی بەعسی عیراق(٨)هەشت هەزار بارزانی ئەنفال کرد.
- لە ڕێکەوتی(٢٦١٤/٥/١١)سەفەر بەلک یان(سەفەر بەر)لە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیەند را.
- لە ڕێکەوتی(٢٦٩٩/٥/٢٠)خۆرلەکاتژمێر( ٤٥ر٣)ی دوای نیوەڕۆبـەتەواوەتی ، گیرادونیا بەتەواوی تاریک بوو
- لە ڕێکەوتی(٢٦٤٥/٥/٢٤)ژاپۆن تەسلیم دەبێ وشەڕی جیهانی دووەم دەوەستێت .
- لەرێکەوتی ٥/٢٥ /٢٦٤٦پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا .
- لەڕێکەوتی ٢٦٢٠/٥/٣١ شۆڕشی برایم خانی دەلۆ لەکفری هەڵگیرسا .
- چوار ڕۆژ لەم مانگە دەبێتە ((جەژنی قوربان))

(وەرزی هــاویـن)

مانگی (گەلاوێژ)شەشەم مانگە لە ساڵی(٢٧٢١)ی کوری

مانگی(گەلاوێژ)دەکەوێتە مانگی(تەموزوئاب) لە ساڵی(٢٠٢١)ی زاینی

((گەلاوێژ سێیەم مانگی هاوینە))

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شــەموو | ٣٠ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ |
| یەک شەمە | ٣١ | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ |
| دوو شەمە | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ |
| سێ شەمە | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| چوارشەمە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| پێنج شەمە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| هەینی | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |

(ڕووداوەکان لە مانگی گەلاوێژ )

- لە ڕێکەوتی(٢٦٨٨/٦/٥)ڕژێمی بەعسی عێراق کیمیا بارانی شاری هەڵەبجەی کرد، زیاتر لە (٥٠٠٠)پێنج هەزار هاوڵاتی ئەو شارەی شەهید کرد.
- لەڕێکەوتی(٢٦٧٠/٦/٧)کۆری زانیاری کورد دامەزرا .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٣٠/٦/١٥)ڕۆژی ڕەشی(٦)شەشی ئەیلول شەڕی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٦١/٦/٢٠)ی ساڵی کوردی شۆڕشی ئەیلول.بەرپابوو
- لە ڕێکەوتی(٦/٢٤/ ٢٦٩٢) ژمارە(١)ی یەکەم ڕۆژنامەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەرچوو .
- لەر ڕێکەوتی(٢٦٩٨/٦/٢٦) ڕێکەوتنەمێژووییەکەی واشنتۆن لەنێوان هەردووسەرکردەی پارتی و یەکێتی(مەسعود بارزانی وجەلال تاڵەبانی)بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ مۆرکرا .

## (وەرزی پایــز)

مانگی(ڕەزبـەر)حەوتەم مانگە لە ساڵی(٢٧٢١)ی کوردی

مانگی(ڕەزبەر)دەکەوێتە مانگی(ئاب وئەیلول)لەساڵی(٢٠٢١)ی زاینی

ڕەزبـەریـەکەم مـانگی پایزە

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شـــەمـوو | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| یەک شەمە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| دوو شەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| سێ شەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| چوارشەمە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | |
| پێنج شەمە | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |
| هــەینـی | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | |

(ڕووداوەکان لە مانگی ڕەزبـەر)

- لە ڕێکەوتی(٢٦٩٢/٧/١٢ ) ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراقی فیدراڵی ، حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند.
- لە ڕێکەوتی(٢٦٩١/٧/١٥) کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق لە بەشێکی زۆری کوردستان بۆ سەرخەتی(٣٦)ئەمەش بۆگەلی کوردبووە هۆی ئازادکردنی پارێزگاکانی(هەولێر،سلێمانی،دهۆک)
- لە ڕێکەوتی (٢٦٥٦/٧/١٧) شێخ مەحمودی نەمرکۆچی دوایی کرد .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٥٦ /٧/١٨)ڕۆژی دامەزراندنی یەکەم حکومەتی شێخ مەحمودی نەمرلە شاری سلێمانی .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٢٧/٧/٢٢)بۆیەکەم جارنـەوت لەپارێزگای کەرکوک دۆزرایەوە.

(وەرزی پـایــز)

مانگی(گەڵاڕێزان)هەشتەم مانگەلە ساڵی(٢٧٢١)ی کوردی

مانگی(گەڵاڕێزان)دەکەوێتەمانگی(ئەیلول وتشرینی یەکەم)

لە ساڵی(٢٠٢١)ی زاینی

گەڵاڕێزان دووەم مانگە لە وەرزی پایز

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شـەموو | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ |
| یەک شەمە | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| دوو شەمە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| سێ شەمە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| چوارشەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| پێنج شەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| هـەینی | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | |

(ڕووداوەکان لە مانگی گەڵاڕێزان)

- لە ڕێکەوتی ٢٦٤٥/٨/٢ ڕۆژی دامەزراندنی (un) نەتەوە یەکگرتووەکانە
- لە ڕێکەوتی ١١/ ٨/ ٢٦٦٨ زانکۆی سلێمانی دامەزرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٦٢٠/٨/٣ حکومەتی عێراق دامەزرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٦١٨/٨/٢٠ جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی پێ هات .
- لە ڕێکەوتی ٢٨/ ٨ / ٢٦٣٧ (سەید ڕەزا)وهاوڕێکانی لەشاری دەرسیمی کوردستانی باکوور،بەدەستی ڕژێمی تورکیا لە سێدارە دران .

ئـەواپـایـزە........گـەڵا ڕێـزانـە
زولفی یـاربـەدەسـت بـاپـەرێشانـە
خـەتای مـن نیـە خـەتـای پا یــزە
ڕەنــــگ......زەرد یـــەکـــەی من
دووری............... ئـــــــازیـــزە

(وەرزی پایز)

مانگی(سەرماوەز )نۆیەم مانگە لە ساڵی(٢٠٢١)ی کوردی

مانگی(سەرماوەز)دەکەوێتەمانگی

(تشرینی یەکەم وتشرینی دووەم) لە ساڵی(٢٠٢١)ی زاینی

سەرماوەز سێیەم مانگە لەوەرزی پایز

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەموو | ٣٠ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ |
| یەک شەمە | | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ |
| دوو شەمە | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ |
| سێ شەمە | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| چوارشەمە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| پێنج شەمە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| هەینی | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |

(ڕووداوەکان لە مانگی( سەرماوەز)

- لە ڕێکەوتی(٢٣٠٨/٩/١٤)ی کوردی شەڕێک دەستی پێکرد لە گەڵ خانی لەپ زێڕین هێرش کرایەسەر قەڵای دم د م .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٤٨/٩/١٩) ڕۆژی جیهانی بۆ(جارڕدانی مافەکانی مرۆڤ) لە نەتەوەیەکگرتووەکان .
- لە ڕێکەوتی (٢٦٥٢/٩/٢٠) ڕۆژی ئافرەتانی کوردستان .
- لە ڕێکەوتی (٢٦٢٠/٩/٢٥) دانان ودروستکرنی دادگای دادی دووەلی،واتە (محکمەالعدل الدولیە) لە لاهای ـ هۆڵەندا .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٤٥/٩/٢٦)ئاڵای کوردستان لە شاری مەهابادی هەڵکرا.
- لە ڕێکەوتی(٢٦٤٦ /٩/٢٦) ڕووخانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

## (وەرزی زســـتان)

مانگی بەفرانبار(١٠)مانگی (١٠)دە یە لە ساڵی (٢٧٢١)ی کوردی

مانگی(بەفرانبار)دەکەوێتە(تشرینی دووەم وکانوونی یەکەم)لە ساڵی زاینی

(بەفرانبار) یـەکەم مانگە لە وەرزی زستان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شـەموو | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| یەک شـەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| دوو شـەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| سێ شـەمە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | |
| چوارشـەمە | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |
| پێنج شـەمە | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | |
| هـەینی | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | |

(ڕووداوەکان لە مانگی ((بەفرانبار)

- لە ڕێکەوتی (٢٦٨٣/١٠/١٢) یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان دامەزرا.
- لە ڕێکەوتی(٢٣٥٣/١٠/٢٠) یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندالەشاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا دەرچوو.

********************

ژیـــــــــان

بەڵێ لــەم ژینە سەد تەرزە ئینســان
ئەگـۆڕێ ژینی بە گـوێرەی زەمــان
ڕۆژێ هــەیـەتـی ڕۆژێ نـی یــــەتـی
ڕۆژێ حەســاوە وڕۆژێ هـەراســان
ڕۆژێ بـەبێ کار ڕۆژ ئەباتە ســەر
ڕۆژێ سـەرخۆش ومەستی دونیایی
ڕۆژێ لـــە بەنـد وبـەنـدیخـانـە یـە
ئـەمــانە بەشــەر هـەمـووی ئـەبینـی
بـژیت لەدونیا سەربەست وخەنـدان
بەغـەم دڵـی خۆی نەکـاتـن وێـران
هـەریـەک دووڕۆژێ دونیـاو ژیـانی
ئەم یـەک دووڕۆژێ بژیت شـادمـان

(چوارینەکانی جاهید)

(وەرزی زســتان)

مانگی (ڕێبەندان) یازدەهەم مانگە لە ساڵی(٢٧٢١)ی کوردی

مانگی(ڕێبەندان)دەکەوێتەمانگی(کانونی دووەم و شوبات) لە ساڵی زاینی

مانگی(ڕێبەندان)دووەم مـانگەلەوەرزی زستان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەموو | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| یەک شەمە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| دوو شەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| سێ شەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| چوارشەمە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | |
| پێنج شەمە | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |
| هـەینی | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | |

(ڕووداوەکان لە مانگی ڕێبەندان)

- لە ڕێکەوتی ٢٦٤٦/١١/٢کۆماری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرۆکایەتی (قازی محەمەد) دامەزرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٦٣٩/١١/٩ ئێستگەی کوردی لە شاری بەغدا دامەزرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٦٧٠/١١/٢١ یەکێتی نووسەرانی کورد دامەزرا .
- لە ڕێکەوتی ٢٦٥٣/١١/٢٩ یەکێتی قوتابیانی کوردستان دامەزرا.

*********************

بەســتەڵــەک و ڕێبــەنــدانـــە
لەئاسمانی ساماڵی شینی شــدا
خۆرەتـاوە ..........بەشـەرمـەوە
بەدیارفرمێسکە بەستووەسـپیە
زیوویـنیـەکـــانـی.....................
دەستەوئـەژنـۆ دۆش دامـــاوە
چاوەڕێیە لەبەهاری‌مژدەبەخشا
ئازادیان............................. کات
تاکــوزســتانێکـی تـردێتــەوە

( شێرزاد عبدالله

(وەرزی زســتان)

مانگی ڕەشەمێ مانگی دوانزەیەلەساڵی٢٧٢١ی کوردی

مانگی ڕەشەمێ دەکەوێتەمانگی شوبات و ئازار لە ساڵی ٢٠٢١ ی زاینی

مانگی ڕەشەمێ سێیەم مانگە لەوەرزی زستان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شـەموو | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ |
| یەک شەمە | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| دوو شەمە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| سی شەمە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| جوارشەمە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| بێنج شەمە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | |
| هـەینی | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | |

(ڕووداوەکانی مانگی ڕەشەمێ )

- لە ڕێکەوتی(٢٦٧٩/١٢/١٠)سەرکردەی نەتەوەی کورد (مەلا مستەفا بارزانی) کۆچی دوایی کرد.
- لە ڕێکەوتی(٢٦٩١/١٢/١٤)جەماوەری شاری ڕانیە دژی حکومەتی بەعسی بەغدا ڕاپەڕین.
- لە ڕێکەوتی(٢٦٧٠/١٢/٢٠) ڕێکەوتننامەی١١ی ئازار مۆرکرا .
- لە ڕێکەوتی(٢٦٠٣/١٢/٢٣) لە دایک بوونی سەرکردەی کورد(مەلا مستەفای بارزان ) .
- لە ڕێکەوتی (٢١/٢٥/ ٢٦٨٨) شاری هەڵەبجە،کیمیاباران کرا.


*********************

ئەم شەڕە لەسەرکورسی دوو کەسە
من بۆچ بکـوژرێم بێ هـۆشی بەسە
هـەرئـەونـدە یەگــەیە سـەرکـورســی
لــە دەردە دارو بـرســی نـاپـرســی

( پیـرەمـێرد)

## (کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەم)

کوردستان لە سەدەی نۆزدە هەمدا(٢)دووجار دابەش کراوە، لە ڕووی دەرەوە ئەم دابەش کردنە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆڕی (عوسمانی وفارسەکان) هاتە ئاراوە کە هەردووکیان ڕووە و داتەپین و داهێزران بوو بوونەوە و وردە وردە کەوتبوونە ژێر باری ئابووری و سەربازی سیاسی وولاتانی گەورەی کۆلۆنیالیزم لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ڕووسیا، بەڵام لە ڕووی ناوەخۆوە، کوردەکان دابەش کرابوون، شەڕو دووبەرەکی وپێشبڕکێی دەلالەلات لە نێوان میرنیشنەکوردەکان لەسەدەکی ناوەڕاستدا درووست ببوون. بەبەردەوامی شەڕەشۆڕشێکی زۆریان لە نێواندا هەبووە، هیچ سنورێکی برایەتیان لە نێواندا نەهێشتبوەوە،ئەوکاتی سنوورەکان هەمیشە لەگۆرانکاریەکان بوون، ئەمەش وای کردبوو برایەتی و یەکریزی نەتەوەکەیان لە بەرچاو نەگرتووە، هەموو میرنیشن وشۆرشەیەک لە دوایەکەکان بەردەوام دژایەتی یەکتریان کردووە، تا گەیشتۆتە ئەمرۆکە، ئیستاش لەگەڵ بێت بە فیتی بێگانەکانی دەوروپشتی خۆیان کاردەکەن، بۆئەوەی کورد نەتوانێت بۆخۆیان بە سەربەستی و ئازادی وسەربەخۆیی بژیت،بۆیەچارە نووسی گەلی کورد تائێستاکەش هەرواماوەتەوە، ئەمەش ناوی میرنیشنە کوردیەکانە(میرنیشنی سۆران ،میرنیشنی بادینان،میرنیشنی بابان،میرنیشنی بۆتان، میرنیشنی هەکاری) ئەمەوچەندین میری ترلەناوچەکانی کوردستان هەبوون کەچی بەهەموویان نەیان توانی سەربەخۆی وئازادی بۆنەتەوەی کوردی خێر لەخۆ نەدیوبەدی بهێنن، کوردستانی گەورە ئازاد بکەن.



وێنەی شێخ سەعیدی پیران و لە سێدارەدانی

## (شۆڕشەکانی کوردستان)

١- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

٢- شۆڕش و راپەڕینی سمکۆی شکاک

٣- شۆڕش و ڕاپەڕینی ئارارات

٤- شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیز

٥- شۆڕش و ڕاپەڕینی دەرسیم

٦- شۆڕشی ئیسماعیل خانی دەلۆ

٧-شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی بارزان

٨- شۆڕشی قازی محەمەد و کۆماری مەهاباد

٩- شۆڕش ئەیلول بەسەرکردایەتی (مەلا مستەفا بارزانی )

١٠- شۆڕشی پارتی کرێکارانی کوردستانی باکوور لە(تورکیا)


١١- شۆڕشی حزبی دیموکراتی کوردستان لە (ئێران)

١٢- شۆڕشی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە(ئێران) بەسەرکردایەتی ( شێخ عزالدین )

١٣- شۆڕشی گولان ،( پ - د- ک) بەسەرکردایەتی (مەسعود بارزانی)

١٤- شۆڕشی نوێ گەلەکەمان(ی-ن- ک ) بەسەرکردایەتی (جەلال تاڵەبانی)

جگە لەم هەموو شۆڕشە گەورانە چەندین جارلە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەرهەڵدان دروست بووە بەڵام حکومەتەکانی تورک وفارس و عەرەب ورووس سەر هەڵدان و شۆڕشەکانیان هەر زوو کپ کردووە تا کورد نەتوانێت داوای سەربەخۆیی و ئازادی بکات،هەروەها ناکۆکی گەورەیان لە نێوان هۆزو عەشیرە تەکان دروست کردوە تا ئەم نەتەوە نەتوانن ماڵی خۆیان ڕێک بخەن و ڕیزەکان یان تێکدەدەن.بۆیە ئەبێت کورد بەهیچ شێوەیەک متمانە بە دوژمنانی خۆی لە دەرەوە و دەوروبەری کوردستان نەکات،ئیتر بەسەبەدرێژای مێژوو زیاترلە چەندسەدەیەک دوژمنانی خاک و نەتەوەی کورد لە ڕێگەی داگیرکردن وپەیڕەوکردنی پڕۆسەی پاکتاوی نەژادی،بە پیلانگێران و ئەنجامدانی سیاسەتی ترس و تۆقاندن و ستەم و زۆرداری و سڕینەوەی ئاسەواری شارستانی و شێواندنی کلتوری نەتەوەیی و تەنانەت قەدەغەکردنی،هێمای یەکگرتووی گەلە، هەوڵیان داوە ئەم میلەتە لە ناوبەرن،لە بەرامبەردا ڕۆڵە بەئەمەک و وولات پارێزان لە خەبات گێڕوڕۆشنیران و زانا و پێشوایانی کورد بە هۆی باوەڕ بوون بە هزری یەکسانی و برایەتی وخەباتی هاوبەشی گەلان و دڵسۆزای خۆشەوویستی بۆ گەلانی تری دراوسێ بوونەتەخۆڵەمێشی بەر ئاگردان لە گەڵ لەدەست دانی چەند هەڵی زێڕین وکەم وێنە لە مێژوودا بەفیرۆچونی بەری ڕەنج وخەباتیان .بۆیە دەبینین لە هەموو بزاڤە ئاینی و شۆڕش وراپەڕینە نەتەوەییەکانی ناوچەدا هەمیشە پێشەنگ وسەرقافلەی خەبات بووە، بەڵام بە داخەوە بێ دەسەڵات بوونە،تەنانەت زۆرجاروەک مووچەخۆری سەربازی وکارپێکەری کاتی بندەستی دوژمنی داگیرکەرو دەسەڵاتداران، بەمەش دەبینین هەردەم لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی کوردیان بێ بەش کردوە نەک لە مافەکانیان بێ بەشکراون، بەڵکو بە ئاگرو ئاسن سەرکوت کراون، و لەناوبراون.


شێخ محمود

## (سیڤەر بوکی هیوا)

سـیڤەربوکـی هـیوای چـارە نووسـی
ئـەم میللـەتـەی......... پێ بـەخشـرا
لـۆزان هـاتـوو...... هـەر زووبـەزوو
دەسـتی ڕەشـی...... لـە گـەردن نـا
لە مـەهـاباد لـە نێوچەقی چوار چـرا
پێشەوایەو پەتی خەدری لێ توند کرا
لە ئاستانەی فرو فێڵا دوور لە وەتەن
میری سۆران خوێنی گەشی بێسۆراغ ما
لە پیرانی مـەرگ وخـوێنا بـەبێـڕەوا
شێخ سەعیدم ............ لـە خـاچ درا
کوردستانەزامدارەکەم بەخەنجەری ژەهراویەوە
جەرگودڵت بۆچوارپارچە هەنجن کرا

شێخی گەورەم لە پاڵ بەردە قارەمانا
هــاواری دەکــا......کــورد کۆیلــە بوو
کــوردایەتی ................... بێ مـانامــا
(عومەر مستەفا سەعید رواندزی)

## (شۆرشی ئەیلول)

لە ١١ی ئەیلولی سالی( ١٩٦١ )وەک سەرەتایەک شۆرش بە جیهان ناسراگرنگی شۆرشی ئەیلول لەوە دابوو کەجـاریکی ترهیـواو ئـاواتی دیرینـی کـوردی بە گیـانی هەمووتـاکیکی کـورداکردەوە وهەسـتی نەتەوایەتـی وشۆرشـگیری وقوربانییـدانی تێـدا نـوێ کـردەوەولە مـاوەیەکی کـوردا چەنـدین نـاوچەی لەژێـر دەسـتی دەسەلآتدارانی عێراق ڕزگارکرد کەلە مەودوا بەناوچە ئازاد کراوەکان ناسنێراو سیستەمی خۆبەریوەبردنی تیدا بەیرەو کراو شورش هەرزوولە ناوجانەدا قوتابخانە ونەخۆشخانەو ئیدارات ودادگای تیدادامەزراندکە زۆر سەرکەوتووانەکاتەکانی بەریوە دەبرائەمە لەگەڵ دروستکردنی هێزێکی تۆکمەی پێشمەرگە کە لەشـەرەکاندا، ئەگەرچی تەرازووی هێرش بەراورد نەدەکرا،دامەزراندکە گورزی کوشندەی لەهێزی سـەربازی عێراق دەداو چەنـدین داسـتانی قارەمانـانەی تۆمـار دەکرا. ئەگەرچـی شۆرشـەکە بۆداکۆکی لە کـورد وخـاکی کوردسـتان بـوو،لەگەڵ ئەوەشـدا دروشـمی شۆرشـەکە ئەو راسـتییەی دەزانـی کە بەبـێ دیمـواتیزەکردنی عێـراق هـیچ خواسـتێک بەدی نـایەت، هەربـۆیەش شـۆرش وسـەرکردایەتی یەکەی هەمیشـە بـۆ گفتوگـۆلەگەڵ دەسـەلآتە جۆراوجۆرەکانی بەغداد ئامادەی دانوستاندن دەبوو.



وێنەی مستەفابارزانی

بەڵام حکومەت هەموو ئەودەست پێشخەرییانەی بۆ خۆ کۆکردنەوەو خۆسازدانەوە بۆ جەولەیەکی دیکەی شەر ئامادە دەکرد، تـا بەیانـامەی ١١ی ئازارسالی ١٩٧٠حکومەت ملی بۆڕێکەوتنامەیەکی گرنگ لە مێژووی گەلەکەماندا دانا، ئەگەرچی ئەو ڕێکەوتنەش لە لایەن حکومەتەوە هەر تەکتیکی بوو، بەڵام بەڵگەنامەیەکی بە بایەخ و سەرکەوتنێکی مێژوویی بووبۆ گەلی کوردلە هەمووپارچەکانی کوردستان .



هەرێمی کوردستان

## (خانزاد میری سۆران)

لە ناوەڕاستی سەدەی شانزە لە دایک بووە،ناوی‌تەواوی خانزاد بووە، کچی شاقولی بەگی میرسولێمانی بەگی سۆرانە دەبێتەخوشکی میرسولێمان بەگ، دوای کوژرانی سلێمان بەگی برای کە بەفیتی دوژمنانی کورد لە شاری بەغدا بە دەستی خۆفرۆش لەشکری ژەهرخوارد کراوە، لەشکری کەسێک بووە کە زۆر لە میرسولێمان بەگ نزیک بووە، بەرپرسێکی گەورەی سەردەمی میرسولێمان بەگ بووە، لە میرنیشنی سۆران ،کە پایتەختەکەی لە شارۆچکەی هەریربووە، میرسولێمان بەگ بۆ هەر شوێنک دەچوو لە شکری لەگەڵ خۆی دەبرد،چونکەسولێمان بەگ بەپشت وقوەتی خۆی و وەک برا باوەڕی پێدەکرد، لەشکری کەسێکی زۆر نزیکی بنەماڵەی میرسولێمان بەگ بووە، هەربۆیە میرسولێمان بەگ بە لێپرسراوی سەر لەشکری هێزی چەکدار و ئەسپ سوارەکانی داناوە، کەخیانەتی لێی کردوە، لەشکری ئەم کارەی ئەنجام داوە تابتوانێت بە تەواوەی دەست بگرێت بە سەرمیرنیشنەکەخۆی بکاتەمیر،لە شوێنی میرسولێمان بەگ،دوای ئەمەخانزادخان لەخۆی مارە بکات کە زۆر تەماحی لە خانزاد بووە، دەڵێن زۆری خۆش دەویست، دوای کوشتنی سلێمان بەگ ئەودەیوویست بگەڕێتەوە بۆ هەریر خۆی وەک میری میرنیشنەکە نیشان بدات،بەڵام یەکێک لە چەکدارەکانی کە لەگەڵ لەشکری‌بووە هەرزوو خەبەری گەیاندە خانزاد،کەخەبەرگەیشتە خانزاد،دەست بەجێ جلی ڕەشی پۆشی ولە بەردەرگای مزگەوت هەمووخەڵکی کۆکردەوە، پێی گوتن کە لە شکری خیانەتی لە میرسلێمان بەگ کردوە لە شاری بەغداد خەبەرم بۆهاتووە لەشکری سلییمانی برامی ژەهرخواردی کردوە،وام بیستووە کە لەشکری بەپارەیەکی زۆر هەڵخەڵەتاوە،لەگەڵ دەسەڵاتدارنی عەرەب لە شاری بەغدا رێککەوتووە خیانەتی لە میرسولێمان بەگ کردوە.



خانزادی سۆران

بۆیە خانزادبە خۆیی وچەکدارێکی زۆر لەناو خەڵکی خۆی نیشاندا یەکسەرگووتی ئێستاکە من لە شوێنی سولێمان بەگی برام میری سۆرانم ئەوجاخەبەری نارد بۆ گوندەکانی سەرچیا وناوچەی شەقڵاوە ودۆڵی ئاڵانەخەڵکی زیاتر هانداو ئاگاداری‌کردنەوە لە خیانەتکردنی لەشکری لە گەڵ میری میرنیشنەکەی‌ئەوەش وای کرد لە هەموو شوێنێک خەڵک پشگیری لەخانزادبکات، خانزاد بەپشتیوانی خەڵکەکەی توانی لەشکرێکی زۆرگەورە کۆبکاتەوە،هەرکەلەشکری وچەکدارەکان گەیشتنەجێ قۆڵبەستی بکات سزای بدات وتۆڵەی براکەی لێی بکاتەوە، ئینجا کە لەشکری بەمەی زانی یەکسەر هەڵدێ دەچێتە ناو ئێزیدیەکان لە شەنگال، بۆیەبۆخانزاد قورس بووکەبتوانێت تۆڵەی براکەی بکاتەوە، ئەوجا خانزاد ویستی فێڵێک بدۆزیتەوەکەچۆن لەشکری بهێنێتەوە و بیگرێت و بەدەستی خۆی تۆڵەی براکەی بکاتەوە،وویستی بە هەرشێوەیەک بێت لەشکری لەشەنگال بگەڕێنێتەوە،بۆ هەریرتابتوانێت سزای بدات، ئینجا بانگی مەلای مزگەوتی گەورەی هەریری کرد، نامەیەکی جوانی بەتێروتەسەلی پێی نووسی وهەربەم مەلایە یەکسەربۆ لەشکری ڕەوانەی شەنگال کرد، لە نامەکە وای نووسی بووە کە لەشکری بگەڕێتەوە بۆ هەریرمن هیچی پێ ناڵێم کەهاتەوەش یەکسەرخۆمی لێی مارەدەکەم، دەبمە خێزانی مەلانامەکە،بەم شێوەیە بۆلەشکری دەنووسێ لە نامەکە نووسی بووی،لەشکری

گیان من شێت بووم بۆتۆ تۆم زۆر خۆش دەوێت، وەکەسیش لەتۆپیاوتر نادۆزمەوە، ناتوانم بێ تۆبژیم بۆیە دەمەوێ زوو بێیتەوە سەرکاری خۆت کە تۆ سەرلەشکری میرنیشنی سۆرانی پێم خۆشەزوو بگەڕێیتەوە تا مرازی دڵیشت حاسڵ بکەم کەخۆشەویستی پاکی نێوان من وتۆکۆنە، وەرەوە مرازی چەند ساڵەی دڵت دابمرکێنم ئیترچاوەڕێتم کەزوو بگەڕێیتەوە،خانزاد نامەکەی بەمەلا بۆی ڕەوانە دەکات،یەکسەر مەلاسواری ئەسپ دەبێت وبەڕێ دەکەوێت تا دەگاتە شەنگال و نامەکە دەبات بۆلەشکری هەرکەمەلا دەگاتە شەنگال و نامەکەبە لەشکری دەدات، مەلاقسەی بۆدەکات یەکسەربباوەڕی تەواوبەمەلا دەکات، ئەوکاتە لە شکری زیاترلە١٠٠سەت چەکداری لەگەڵ دەبێت،دەڵێن یەکێک لەچەکدارەپاسەوانەکانی لەشکری زۆر ئاقل وتێگەیشتی بووە، بەلەشکری دەڵێن لە وانەیە خانزاد بە فێڵ ئەم نامەی بەم مەلایە بۆ تۆ ناردبێت، بەڵام لە شکری بڕوای پێی نەکرد، چونکی لەشکری خانزادی زۆرخۆش دەویست گووتی شتی وانیە هەردەگەڕێمەوە بۆلای خانزاد، ئەوجاخۆیان ئامادە کرد و یەکسەر کەوتنەڕێ بەرەوناوچەی هەریر،کاتێک کە لەشکری نزیک هەریردەبێتەوە خانزاد بەجلی ڕەش دەبینێ خانزاد بۆ ئەوەی هەست نەکات زۆرمەردا نە جەلەوی ئەسپەکەی دەگرێ بەرەو ماڵەکەی خۆی دەیبات بەلەشکری دەڵێت لەشکری گیان، هەرچەندە من زانیومەکە تۆ براکەی منت کوشتووە بەڵام من لێت خۆش دەبم چونکە من تۆم زۆرخۆش دەوێت، ئەوجا بۆ ئەوەی باوەڕی تەواوی پێ بکات خانزاد هەرزوو مەلای مزگەوت بانگ دەکات وخۆی لێ مارە دەکات،بە لەشکری دەڵێت شەوێکی ترجلە ڕەشەکانم لە بەردەکەم مرازی چەند ساڵەی خۆشەویستیت حاسڵ دەکەم کەشەودادێت پیلانی بۆ دادەنێ شەوی بووکی جل وبەرگیکی جوانی بۆلەشکری لە بەردەکات کاتی دەچێتە ژووری خەوتن چەند کەسێکی بەهێز بەچەکەوە دەباتە ژوورەکەی بوک وزاوا هەرزووخۆی بەسەر دادەن و یەکسەردەسگیری دەکەن وقۆڵ بەستی دەکەن، هەربەم شەوە دەیبەنە دەرەوەی هەریر،لە شوێنێکی چۆلەواری زۆری لێی دەدەن تا لە هۆش خۆی دەچێت ئەوجا خانزاد بەدەستی خۆی گولە بارانی دەکات، دەی کوژێت، بەم شێوە تۆڵەی سلێمان بەگی براکەی خۆی لێ دەکاتەوە،دوای تۆڵە کردنەوە خەڵکەکەی خانزادیان بەکەسێکی ئازاو زۆر زیرەک و بەتوانا وئافرەتێکی فێڵ بازوترسناک وەسف کرد بەکوشتنی لەشکری ترسێکی گەورەی دارێژت خەڵکەکەی هەرزوودانیان نا کە توانای هەیە بێتە سەر کردەیەکی قارەمان وسەرڕاست وبەئەمەک وکارابۆ میرنیشنەکەیان ئەوەش زیاترخەڵکی دڵخۆش کرد کە خانزاد بەسەرکردەومیری میرنیشنەکەیان هەڵبژێرن، دیارەخانزاد ئافرەتێکی قسەزان و زۆر قسە خۆش وڕووخۆش وجوان وزاناو داناو ڕۆشنبیرو ئاقل بووە،هەروەها لە هەموو شەڕەکانیش لەگەڵ دووژمنانیاندا دەکرا خانزاد یەکەم کەس بووە لەڕیزەکانی پێشەوە دەبوو وبەشداری دەکرد،کە دەگێڕنەوەوباسی ئەو ژنەئازاو قارەمانەدەکەن،خانزاد کچێکی زۆرجوان و ئازاوچاو نەترس و بەجەرگ بووە، بە تایبەتی لەسەر حەق لە کەسی قبول نەکردوە ،زۆریش یارمەتی هەژارانی دەدا...

*******************

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد

نۆکەری..........بێگانەیە

دوودڵن پیسن لەگەڵ یەک

بۆیە..... وابێ....... لانەیە

بۆنەمانی....... یەکتری

هەر......... هەوڵ ئەدەن

داخەکەم ووردو درشتی

شێت و شەیدای ...پارەیە

(بێکەس)

*******************

## (دەریاچە و چیـا)

کوردسـتان زیـاتر لەدوانـزە دەریـاچەی گەورەوبچـوکی هەیە دەسـکرد وسروشـتی دەسـکردەکان وەک بەنداو،گەورەترین دەریاچە،دەریـاچەی وانـێ وئورمیەیـە دەریـاچەی وانێ دەکەوێتـە بـاکوری کوردسـتان ،دەریـاچەی ئـورمیە دەکەوێـتە ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان، واتەگەورەتـرین دەریـاچە دەریـاچەی ئورمیەیە.هەروەهابەسەدان چیای‌بەرزو نزمی هەیە،واتەبەرزترین چیا(چیای ئاگرینە)کەبەرزیەکەی(٥٣٢١) پێنج هەزارو سێ سەد وبیست ویەک مەتر بەرزە، کەدەکەوێتەباکوری کوردستان لە نێوان سنووری کوردستان و ئەرمینیایە.هەروەهـا سـنووری کوردسـتان دراوسـێ یە لەگەڵ حەوت وولات وەک(تورکیـا،عێراق، ئێـران، ئەرمینیا،سوریا، ئازربایجان،ڕووسیا)نەخشـەی سنووری کوردستان لەکەنداوی عەرەب دەست پێ دەکات تا سەردەریای ناوەڕاست ونزیک دەریای ڕەش،هەروەها کوردستان خاوەنی نەوتە،واتە ڕۆژانە دەتوانێت(٣)سێ ملیـۆن بەرمیـل نەوت بەرهەم بێنێت،نەوتەکەشـی بە زۆری لە کوردسـتانی باشـورو ڕۆژئاوایە،هەروەهـا کوردستان شـوێنێکی گەشتیاری گرنگە بۆ گەشتیارانی بیانی ،کوردستان چەندین شـوێنی دلـڕفێن وشـوێنی خۆش و ڕازاوەی تیایە کەساڵانەبەهەزاران گەشتیار ڕوودەکاتە کوردستان بۆ گەشت کردنیان هەروەها لە هەموو جیهان لە هەر(١٤٠)کەس لە جیهاندا(١) یەک کەس کوردە،نەخشـەی کوردستانی گەورە لە(١٣٠)وولاتی جیهان گەورەترە،بۆنمونە لە نەخشەی بەریتانیا گەوەترە،هەروەها جۆری نوسینی کوردی لە کۆندابەلاتینی یە نەک بەپیتەکانی عەڕەبی واتا... e0s0i

*******************

چـالێک......هـەلکـەنـە

بـە .............بزمـار

بەلام موناقەشە مەکە

لـەگـەل.......نـەفـام

---

## (سروودی ئەی ڕەقیب)

ئەی ڕەقیب سـروودێکی نیشتمانیـە لەلایـەن ((دلـداری شـاعێر)) دانـراوە ،دلـداری شـاعێر نـاوی(یونس کـوڕی ڕئووف کـوڕی مەحمـود ئەفنـدی کـوڕی مەلا سـەعیدە لەبنەماڵەی(خـادم سـجاد)ە یەلەڕۆژی(١)ی‌ڕەشـەمەی ساڵی(٢٦١٨)ی کوردی بەرامبەر (١٩١٨/٢/٢٠)ی زاینی لە شاری کۆیە لە دایک بووە،لە ساڵی(٢٦٤٥)ی کوردی بەرامبەر(١٩٤٥)ی زاینی کۆلێژی حقوق تەواودەکات ودەبێتەپارێزەر،لەشـەوی(٢١)ی گەلاڕێزانی(٢٦٤٨)کوردی بەرامبەر بە١٢ی تشرینی دووەمی ساڵ ١٩٤٨لەشاری هەولێرلەتەمەنی(٣٠)سی ساڵي داچرای پڕشنگی ژینی دەکوژێتەوە و هەرلـە شـاری هەولێر دەینێژن. ئەمەی خـوارەوە چەنـد دێـڕێکن لە سـرودی ئەی ڕەقیب،ئەم سـروده لە هەمووشـۆڕش و شەڕشـەکانی کوردسـتان بەکـار هێنراوەبـۆڕێزگرتن لە پێشـمەرگەو جەمـاوەرو هاندانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان،

### (ئەی ڕقیب)

ئەی ڕەقیب هـەرماوە قـەومی کورد زوبـان

نـاي ڕمێنێ دانـەیی..........تۆپی زە مـان
ئێمە ڕۆڵـەی ڕەنگی سـوور و شـۆڕشـین
سـەیری کـە خـوێنـاوییەڕابـووردوومـان
ئێمـة ڕۆڵـەی مـیدیـا وکـەیخـوسـرەویـن
دینمــان ئـا ینمــانــە هــەر نیشــتمــان
کـەس نەڵێ کورد مـردووە،کـوردزینـد وە
( دڵــداری شـاعـێر )

( سـنووری کوردستان )

لە باکــورەوە – دەریای ناوەڕاست ودەریای ڕەش وکۆمـاری ئەرمەنستانی بەردەستی ڕووسی .
لە ڕۆژهەڵاتەوە – ئازربایجانی ئێران وعێراقی عەجەم ومەڵبەندی فارس .
لە باشــوورەوە – خۆزستانی ئێران وعێراق تاشەتی عەرەب و چۆلی شام (دێرەزۆر ).
لە ڕۆژ ئـاواوە – چەمی فوڕات وشەرقی ئەنادۆڵ .

ئەگەر......... ڕاسـگـۆیت
بۆچـی سـوێند دەخـۆی

(چــارەنـــووس)

بەدرێژایی چەنـدین سـاڵەزۆربەی هەرە زۆری جەمـاوەری تێکۆشـۆری کوردسـتان ،واتێگەیـانراوە کەهەرچـی بەسەری دێت لەڕۆژی پێشوودا لە چارەی نوسراوە، کۆشش وماندوبوونی بێ بەهرەیە گوایە زۆر دەمێکە لە ئاسمانەوە هەمـوو شـت بـڕاوەتەوە، هەرگیـز دیـارە ئەوکەسـانە مانـای ئەوفەرمـانەی خـوای گـەورەی بۆلـێ نەدراوەتەوە، کە فەرموویەتی،دەبێ هەوڵ بدەن تێبکۆشـن بە تێکۆشان نەبێ مـرۆڤ هیچی بۆدەسگیر نـابێت، واتە ئەبێت هەوڵ بدەین وتێبکۆشـین تـا ئامانجەکانمـان بەدی دەهێنین کەشـاعێری کورد دەڵێت داری ئـازادی بەخوێن ئاو نەدرێت قەت بەرناگرێت ئێمەی میللەتی کوردیش دەبێت تێبکۆشـین وهەوڵ بدەین لە نـاووەخۆو دەرەوەی کوردسـتان جەهـل ونەزانین وگەنـدەڵی وخائینـان لە نـاو بەرین، ئەگەر ئەمـڕۆکە فکربکەینەوە لەم ڕۆژگارەماندا ئێستاکە ئێمە وەک میلەتێکی بێ سـەرپەرشتی وبێکەس وکۆیلە وژێردەست بووینە، بۆیە دەبێت هەوڵ وتێکۆشانمان بەردەوام بێت بۆ یەکڕیزی و سـەربەخۆی کورد لەم کوردستانە خۆشە وویستەدا...

## (کوردستان ئەی نیشتمان)

چــەنـد پیــاوی بــەرزو خــانــەدانـت دی
چەنـد شـۆڕشگـێڕی نێـوشاخـانـت دی
چەندمەلـۆتکـەی بەرئەشکـەوتـانـت دی
چەندخـەریتەی ســووربە خوێناوت دی
چەنـــد دووره کـــۆچـی بـەلێشـــاوت دی
چەنــدلاوی کـــوردی هـەڵــواســراوت دی
چەنـددایکی ڕەشپۆش کـوڕکوژراوت دی
چەنـد بـوکـــی تـازەی بەجـێ مــاوت دی
چەنـد ڕیشی سپی و بەش خـوراوت دی
چــەند گـەروی تێنویی قـوومێ ئاوت دی
چەند گـــۆڕســـتانی بــەبێ نــــاوت دی
چەند تـــاتـێ تــاتـێ بـەبـێ بـــاوت دی
چەند گـونـدی سـوتــاو چـۆلکـراوت دی
چەند کــیمیا بـاران ئەنفـال کـــراوت دی
کـــوردســـتان ئــەی نیشتمـــانـەکــــەم
هـــەموودونیـــا ڕقـی لـــە داگــیر کـەره
بـەڵام ئـەوانەی کەڕۆڵەکانت دەکـوژێێت
خــاکــەکـەت....وێــران و داگــیردەکـــات
هــەندێـک بەناوی شۆڕش و پێشمەرگە
خیـانــــەت دەکـەن بـۆپــارەوکــورســـی
کــورسیش لـە دونیـا بۆکـەس ماڵ نی یە
بەدڵنیـــایـــەوە بۆکــــەس تــاســــەر نیــــە

## (کوردوداگیر کەران)

سـەبارەت کـورد وخـاکی کوردسـتان لە دابەشـکردن وپارچەپارچەکردنی لەلایەن دوژمنـانی داگیـر کەرەوە بە درێـژای سـاڵانی (١٩١٤تــا١٩٢٥) هەر درێـژەی هەبـووە،ئەمەش بەهـۆی نەبـوونی یەک ڕیـزی گەلـی کـورد بووە،هەرلە سەرەتاوە کورد بە مادە وپارە وپول هەڵ خەڵەتاوە و بۆتەکۆیلەی داگیر کەران وئاغا و دەرە بەگ وخۆ فرۆش و بێگانەکان،بۆیە دوژمـن بە هەمـوو شـێوەیەک زاڵبـووە بەسـەرکەسـایەتی وکلتـورو زمـان وبیـرو هەستی نەتەوەی کورد،لەکاتی خۆیدا هەندک کەس بەناوی میروئاغاوکوێخاکان لە شاروگوندەکانی کوردسـتان بۆپارەو سامان وگیلفانی دڕاوی خۆیان کوردیان چەوساندۆتەوە، خەڵکی هەژاریان وەک کۆیلە بەکار دەهێنـان بە هاوکاری دوژمنانی داگیرکەر کە هەردەم وویستویانە نـاو مـاڵی کـورد تێک بدەن وبـرا بکەن بەدووژمنـی برای خۆی، کورد لە بەر ئەوەی کەسێکی وای لێ هەڵ نەکەوتـووە کەبتوانێت هەمـوو خەڵکی کوردستان لە دەوری خـۆی کۆبکـاتەوە،لە جیـاتی ئەوە دەبـن بە داردەسـتی بێگـانە، بـۆیە بێگـانەش بەزەبـری پـارە وچەک سەرۆک عەشیرەت وئاغا وخائینانیان وا هانداوە کە خۆشیەکانیان لێ زەوت بکەن، ئەوتا لەسەردەمی سولتانی

عوسمانیەکان چەندین نەتەوەیان بەگژیەکتری ناوە،بەزۆر و بە زەبری پارە کوشتارگەیان لە نێوان کوردو ئەرمەنیەکانیان دروست کردبووە، کەدوونەتەوەی وەک برای گیانی بەگیانی بوونە لە کاتی خۆیدا، وەرچەرخانێک لە پەیوەندیەکانی نێوان کوردو ئەرمەن هاتەدی هەندێک لە نوسەرو لێکۆڵەرەوە بە ئەنقەست مەبەستیان بووە کورد لە کارەساتەکەی ئەرمەنیەکان تێوەگلێنن ودواتربەرپرسیاریان بکەن ئەمە لە گەڵ ئەوەی کوردیش بە هەمان شێوە وەکو ئەرمەن لە سەردەستی تورکەکان ڕوو بەڕووی چەندین کۆمەڵ کوژی و کارەسات وپیلانی لەناو بردن بۆتە،ڕقووکینەی دەسەڵاتدارانی تورک بەرامبەر بەکوردەکان لە هی ئەرمەنیەکان کەمتر نەبووە،بەڵکو گەلێک زیاتریش دژی داخوازیەکانی کوردەکان بوون،گەلێک جار لە دژی کوردەکان لایەنگری ئەرمەنیەکانیان دەگرتن تورکەکان تەنها لەپەنجاساڵەی ڕابوردودا بەرنامەیەکی گەورەیان دانابووە بۆ لە ناو بردنی ئەرمەنیەکان،هەروەها بۆکوردەکانیش ئەم بەرنامەیان داڕێژتووە، لەو زەمانی تائێستاکەش یادەی دەکەن،کەهەموو خەڵکی کوردیش باش دەزانێت لەوانەیە ئەگەر بتوان ڕۆژێک بێت هەموو گەلی کورد بکەن بەدوژمنی یەکتری بەتایبەتی تۆی دوژمنایەتی لە مابەینی حزبەکوردیەکان بچێن پێیان وایە تورکەکان نیشانەکەیان پێکاوە،بۆیە چەند جار شەڕی براکوژیان لەکوردستان دروستکردوە،بەسەدان قارەمانیان و خەڵکی بێ تاوانیان بەکوشت داوە،تائەمڕۆکەش دژایەتی داگیر کەرانی کوردستان بەردەوام بە تۆپ وتەیارە خاکی کوردستان بۆردومان دەکەن،سەرکردە گەورەکانی کوردی بەسەزمانیش وەک زمانیان نەبێت وان هیچ قسە ناکەن، خەڵکی گوند وسنورەکانی کوردستان ناتوانن بەرگەی ئەم هەموو تاوانانەی دوژمنی داگیرکەربگرێ کە ڕۆژانە بە فڕۆکەو تۆپ ودۆشکەگوند وشارۆچکەکانی سەرسنورەکانی کوردستان بۆردومان دەکەن خانووەکانیان خاپورو وێران دەکەن ڕەزو باخەکانیش دەسوتەنن کەچی دەسەڵاتیش بێ دەنگ بووە، لەم جۆرە هێرشانەی داگیرکەرانی کوردستان، ئێستاکە میللەتی کورد بۆی ڕوون بۆتۆوە کە تورک وعەرەب وحەجەم دژی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، بۆیە دەبێت کورد زۆر ئاقل بێت،حزبایەتی ئەمڕۆکە وەک ئاغایەتی بەکارنەهێنێت بەڵکو بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی ورزگارکردنی خاکی کوردستان بێت ،هەرچەندە کەس بەمەڕازی نەبووە بەڵکوحزبایەتی لە سەروی ئاڵاوخاکی کوردستان دانراوە،هەروەها هەرهاوڵاتیەک ئەندام نەبێت لە حزبەکانیان بێ لایەن بێت ،نەکاریان پێ یە نەکاري بۆدەکەن، هەربۆیەڕۆژانە بە دەیان گەنجی کورد ڕوو لە هەندەران دەکەن و کوردستان جێ دێڵن، بۆیە ئەگەر وابڕوات،کوردستان دەکەوێتە ناو تەمووموژێکی زۆردواکەوتوو...

خۆمان دوای پیاوی زاڵم ئەکەوین
وەک......بڵێی مەخلوقی ئەوین
هەرچیمان هەیەئەودەیباودەیخوا
ئینجا سکاڵاش دەبەین بۆلای خوا
(پیرەمێرد)

## (ژییـانامـەی نوسـەر)

چەند دیریک لە ژییانامەی نووسـەری کتێب (صـالح محـەمەد صـالح) ڕوانـدزی ،لەڕێکەوتی (٣٧٥٦/٥/١٦) ی کوردی بەرامبەربە ڕێکـەوتی (١٩٥٦/٧/١)ی زاینی لەقەزای ڕواندز لە دایک بووە.



وێنەی نووسەر سالح محمد سالح رواندزی

لە ڕێکەوتی(١٩٦١/٩/٢٠) چۆتە قوتابخانە،خوێندنی سـەرەتایی وناوەندی لە شـاری ڕوانـدز تەواو کـردوە، لە بنەماڵەیەکی خانەدان وکوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزە ،لەسەر کوردایەتی چەندین جار توشـی گرتن وڕاوەدوونـان ودەربە دەری وئـاوارەی بـووە، لەتەمەنـی(٩)نۆسـاڵیدالەڕێکەوتی(١٩٦٨/٨/٢٤)بـاوکی شـەهید دەکرێت لە شـاخی بێخـاڵ بەدەسـتی سـەربازەکانی بەعسـی عێراقـی،لە سـاڵی(١٩٧٤) خـۆیی ودایک وخوشـک وبراکـانی ئـاوارەی دەوڵەتـی ئێـران دەبێـت بۆمـاوەی یەک سـاڵ ئینجـاحکومەتی عێـراق لێبـوردەی گشـتی بـۆ ئاوارەکـان دەرکرد لە سـاڵی(١٩٧٥) دووبـارەدەگەڕێتەوە بـۆ شـاری ڕوانـدزدەست دەکات بەکاسـبی بۆبژێوی ژیانی خۆی وخێزانەکەی،لەڕێکەوتـی(١٩٧٩/١١/٢٤)خـۆی‌لەبنکەی وەرزش ولاوانـی ڕوانــدز دادەمەزرێت ئینجـا لەدوای چەنـــد ســـاڵێک لە بەر زیرەکـــی وتوانـــای خـــۆی لە بـــنکەی وەرزش ولاوانـــی ڕوانـــدز،لە ساڵی(1986)دەبێتەبەڕێوەبەربەوەکالەت لەهەردوو بنکەی وەرزش ولاوانی ڕواندز و قەزای سۆران واتەدوو بـنکەی پـێ دەسـپێرن،زۆربەڕێک وپێکـی بەریوەیـان دەبات،تاسـاڵی(١٩٨٨) لەبەر بـارودۆخی سیاسـی شـاری ڕوانـدزلەڕێکەوتی(١٩٨٨/٧/١٦)خۆی دەگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی وەرزش ولاوانی هەولێریەکسەر دەیکەن بەڕێوەبەری هۆڵی داخراو مەلەوانگەی داخراو واتە (قاعـەی موخلـق) و(مسبح موخلق) بۆمـاوەی (٢) دووسـاڵ لەساڵی(١٩٩٠) ئەم جارە دەگوازرێتەوە وەک بەرڕیوەبەری خێوەتگەی لاوان لە ناحیەی مەسیف سلاح الدین، بۆماوەی (١)یەک ساڵ تا ساڵی(١٩٩١)ڕاپەڕین دەست پێدەکات ودەگەڕێتەوە بۆشاری ڕوانـدزلە سـاڵی (١٩٩٤) دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی شاری ڕوانـدزبۆ مـاوەی دوو سـاڵ لەم دوو سـاڵە کـاری زۆر باشـي ئەنجام داوە، لەسـاڵی(٢٠٠١) دەکرێتە بەڕێوەبەری کتێبخـانەی گشـتی ڕوانـدز،لەم کتێبخـانە چەندین چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامـداوە، بۆخـوێنەرو قوتابیـانی شـاری ڕوانـدزو دەوروبەری وەک کـردنەوەی (خـولی کۆپیتەر،خـولی ئەنتەرنێت، وکردنەوەی پیشـانگای شێوەکاری وپیشـانگای کتێب) ئەمەو چەندین جار سـەردانی چاپخانەکانی هەولێرو سلێمانی دەکردن وژمارەیەک کتێبی باشی بۆ کتێبخانەی گشتی ڕواندز دابین دەکرد،هەروەهـا صـالح محەمەد لە ساڵی(٢٠١٨) سەردانی ماڵی خوادەکات دەبێت بە حاجی،لەکۆتایدا صالح محمدبۆماوەی(١٩) نۆزدە ساڵ وەک بەڕێوەبەرکاردەکات بۆ کتێبخانەی گشتی ڕواندزبێ ئەوە هیچ کەم وکوڕیەک ڕووبدات،ئەو جا پاش خزمەتێکی زۆر کە ماوەیزیـاتر لە(٤٠ سـاڵ فەرمـانبەرایەتی لەڕێکەوتـی(٢٠١٩/٧/١) خانەنیشـن دەکرێت، ئەمە بەشێکی زۆرکورت بوولەژیاننامەی نووسەر .

(پێرێســت)

١- پێشەکی
٢- مانگەکانە کوردی
٣- جەژنی نەورۆز
٤- سەری ساڵی کوردی
٥- ناوی مانگەکانی کوردی
٦- کوردستان
٧- کۆماری مەهاباد
٨- ژمارەی دانیشتوانی کوردستان
٩- زاراوەکان لەهجە
١٠- نەتەوەی کورد
١١- زمانی کوردی
١٢- مێژووی مادی کوردی
١٣- میر نبشنەکانی کوردستان
١٤- هەولێر لە سەردەمی میرنیشنی سۆراندا
١٥- کۆنگرەی لۆزان
١٦- ساڵنامەی کوردی
١٧- کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا
١٨- شۆڕشەکانی گەلی کورد
١٩- شۆڕشی ئەیلول
٢٠- خانزادی سۆران
٢١- گەورەترین دەریاچە وچیای کوردستان
٢٢- سروودی ئەی ڕەقیب
٢٣- سنورەکانی کوردستان
٢٤- چارە نووس
٢٥- کوردو داگیر کەران
٢٦- ژیاننامەی نوسەر
٢٧- ڕاستیەکان

(سەرچاوەکان)

١- ساڵنامەی کوردی ساڵی(٢٧٠٠)ی کوردی/ کازم کۆی.
٢- ڕۆژ ژمێری کوردستان(١٩٩٤) د.فازل قەفتان.
٣- (کوردستان)کورتە باسێکی مێژووی وجوگرافیاوئابووریە
مکتەبی ناوەندی(پ.د.ک)(دیراسات و توێژینەوە ساڵی(١٩٩٨)ی زاینی.
٤- دیوان وشعری (دڵدار- پیرەمێرد- بێکەس-شێرزاد-عومەرمستەفا)
٥- شەرەفخانی بەدلیسی.هەژارموکریانی کردویەبەکوردی

لەساڵی(١٩٧٢)ی زاینی بەرامبەرساڵی(٢٦٧٢)ی کوردی.

٦- ڕوانـــدز مێژوو و بیرەوەرییەکان.